# كۆنگره

ئۆرگانی كۆنگرەی نیشتمانیی كوردستان

ژماره ٤٩، گوڵان - پووشپەڕی ٢٧٠٩ی كوردی

خەبات لە پێناو وڵاتێكی ئازاد و دیمۆكرات و سەربەخۆ

Newsletter of Kurdistan National Congress (KNC) Nr. 49, April - May 2009













## بەشدارینەكردنی (پارتی و یەكێتی) لە كۆنگرەی (٦) ی كۆنگرەی نیشتمانیی كوردستان و چەند پرسیارێک!

هەروەک زۆربەی لایەنە سیاسییەكانی كوردستان و، نیشتمانپەروەرانی گەلەكەمان ئاگادارن، كۆنگرەی (٦) ی كۆنگرەی نیشتمانیی كوردستان، رۆژی ٢٠٠٩/٤/١٨ لەشاری لەندەن لەبەریتانیا بەڕێوەچوو.

دەستەی ئامادەكاری كۆنگرە، دوو مانگ پێش بەستنی (كۆنگرەی ٦)، بانگێشتنامەی بۆ هەموو كەسایەتی و حیزب وڕێكخراوەكانی كوردی و كوردستانیی - لەوانە بۆ پارتی دیمۆكراتی كوردستان و یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان بەرێكرد. پەیامی پیرۆزبای و پشتیوانیی زۆرینەی لایەنەكانی كورد و ناكوردمان پێگەیشتەوە. بەشێک لەرێكخراوە و حیزبە كوردییەكان، هەروەها ژمارەیەكی بەرچاو لە ئەندام پەرلەمان و كەسایەتیی ئۆروپایی، كە دەرفەتی هاتنیان بۆ رەخسا، خۆیان گەیاندە هۆڵی كۆنگرە و، پەیامی خۆیانیان پێشكێشكرد و، "بۆ لاپەڕە ٨"


* - ڕاگەیاندنی كۆتایی كۆنگرەی (٦)ی كۆنگرەی نیشتمانیی كوردستان و، پەیامی حیزب و رێكخراوەكانی كوردستانی و بیانیی بەشدار لە (كۆنگرەی ٦) ........................ ل ٢

* - نامەی سەرۆكایەتیی كۆنگرەی نیشتمانیی كوردستان بۆ كۆنگرەی نەتەوەیی كوردستان ....................... ل ٧




وتووێژی رۆژنامەی "ئاڵای ئازادی" لەگەڵ هاوبیر سیروان كاوسی سەبارەت بە ئەنجامەكانی (كۆنگرەی ٦)


"ل ٣٢"



# راگەیاندنی کۆتایی کۆنگرەی (٦)ی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان!

**بۆ نەتەوەی قارەمان و خۆڕاگری کورد لە کوردستان و لە دەرەوە!**

**بۆ هەموو پارتی و ڕێکخراوەی کوردی و کوردستانیی!**




سڵاوی ئازادی و سەربەخۆییتان لێبێت

ڕۆژی ٢٠٠٩/٤/١٨ لەشاری لەندەن بەبەشداری سەرۆکایەتیی کۆنگرە و، نوێنەری کۆمیتەکانی کۆنگرە لەنێوخۆ و لەدەرەوە و، بە بەشداریی ژمارەیەک لە ئەندام پەرلەمان و، دۆستانی کورد لە دەرەوەی وڵات و، کەسایەتیی کورد و نوێنەری حیزب و ڕێکخراوەکانی کوردستان، لە هۆڵی Irish Cultural Center دەمژمێر ١٠ی بەیانی لەشاری لەندەن، کۆنگرەی (٦) لەژێر دروشمی:

"سەربەخۆیی بۆ کوردستان"، "یەک نەتەوە، یەک نیشتمان، یەک ئاڵا و، یەک دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان"، دەستی بەکارەکانی خۆی کرد.

کۆمیتەیەک بۆ بەڕێوەبردنی کۆنگرە لە هاوبیران سیروان کاوسی و گۆران دەرگەزێنیی و پاوە خوسرەو غەریب پێکهێنرا.

**سەرەتای بەرنامە، بەرێزلێنان لەیادی خەبات و تێکۆشینی هاوبیرانی کۆچکردوومان ژنەراڵ عەزیز عەقراوی، مامۆستا ئەحمەد هەردی، ڕەهبەر جەلال مامش، دوکتۆر موزەفەرپەرتۆما، عەبدولڕەزا سووختا، پرۆفیسۆر سەلاح جموور، هاوبیر فەرهاد زێنعەلووش، هاوبیر عەبدولقادر دەباغی، هاوبیر ئێحسان فواد و، هەروەها بەیادی هەموو شەهیدانی بێئەژماری نەتەوەکەمان، بە خوێندنی سروودی نەتەوەیی "ئەی ڕەقیب" کرایەوە!**

**پاشان دوکتۆر جەواد مەلا، شرۆڤەیەکی کورتی ڕامیاریی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستانی لەنێوان کۆنگرەی (٥) و (٦)، دا بۆ ئامادەبووان باسکرد. لەکۆتایی وتەکانیدا، خاتوون پاوا خوسرەو غەریب بە زمانی ئینگلیزیی بەخێرهاتنی میوانەکانی بیانی و کورد کرد.**

**دەمژمێر ١٠/٣٠ بەیانی، پەیامی پیرۆزبایی بەزمانی ئینگلیزیی لەلایەن ئەم بەرێزانەوە خوێندرانەوە:**

**١- پەیامی پیرۆزبایی سەرۆکوەزیرانی بەریتانیا ڕێزدار گۆردۆن براون. ٢- شارەداری لەندەن بەرێز بوریس جونسون. ٣- بەرێز کونسولار ئانتونی لیلیز لە شارەوانیی هامرسمیث. ٤- خاتوون ئارمگارد ئیبراهیم-ئەڵمانیا. ٥- خاتوون د. هانا کۆیشلەر– ئەندامی کۆمەڵەی ڕۆژنامەنووسانی ئەڵمانیا. ٦- بەرێز ئەندرو سلۆتەر ئەندام پەرلەمانی بریتانیا لە پارتی لیبەر. ٧- خاتوون مێرلین ئێمەرسن کاندیدات بۆ پەرلەمانی بریتانیا لە پارتی لیبرالدیمۆکرات. ٨- بەرێز جۆناتان فرایر، کاندیدات بۆ پەرلەمانی ئۆروپا لە پارتی لیبرالدیمۆکرات. ٩- بەرێز هارون دارفوری – بزووتنەوەی دادپەروەری و یەکسانیی دارفور. ١٠- بەرێز عەبدوڵلا سیاهویی ئەندامی بەریوەبەرێتیی بزووتنەوەی نەتەوەی بەلووچستان. ١١- بەرێز کاوە یوسف – گەنجانی کۆنگرە. ١٢- بەرێز سەردار پشتدەریی سیاسەتکار.**

لەبەشی دووەمی بەرنامەکەدا، نوێنەری دەزگە و کۆمیتەکانی کۆنگرە و، کەسایەتی و نوێنەری حیزب و ڕێکخراوەکانی کوردستان پەیامی خۆیان پێشکێش کرد، کە بریتیبوون لە:



١- ڕێزدار شێخ لەتیف مەریوانی لە ئەندامانی دامەزرێنەری کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان. ٢- ڕێزدار برووسکە ئیبراهیم بەرپرسیاری پێوەندییەکانی دەرەوەی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان. ٣- ڕێزدار ئازاد مافکۆ ئەندامی سەرکردەیەتیی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان – ڕۆژهەڵات. ٤- ڕێزدار ڕێبوار نەڵاسی بەرپرسیاری کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان لە وڵاتی بەلجیکا. ٥- پەیامی ناوەندی هەڵەبجە "چاک" لەلایەن بەڕێز هادی بابەشێخ. ٦- خوێندنەوەی پەیامی پارتی سەربەخۆیی کوردستان. ٧- بەڕێز فەرەیدوون مەعرووفی ئەندامی کۆمیتەی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان لە بریتانیا. ٨- پەیامی فیدراسیۆنی "یارسان" لە وڵاتی سوید. ٩- نووسەر وسیاسەتکار دوکتۆر جەزا چنگیانی. ١٠- پەیامی پارتی ئازادیی کوردستان. ١١- بەڕێز ئیبراهیم خەلیل نوێنەری پارتی یەکێتیی دیمۆکراتی کورد لە سووریا. ١٢- بەڕێز کاوە خوراسانی نوێنەری کوردەکانی خۆراسان. ١٣- پەیامی پارتی راستیی کوردستان. ١٤- بەڕێز نەبەز تۆری بەرپرسیاری کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان لە وڵاتی سویسرا. ١٤- خوێندنەوەی پەیام و دوو پارچە هۆنراوە بۆ یادی پەنجاساڵەی دامەزرانی "کاژیک"، لەلایەن هەڵبەستڤان هاوبیر تەنیا ئاکۆ وە.



پاش خوێندنەوەی پەیامی حیزب و ڕێکخراوەکانی کوردستان، ئەوجا بەبۆنەی یادی پەنجاساڵەی دامەزرانی "کاژیک" (کۆمەڵەی ژیانەوە و ئازادی و یەکێتیی کورد)، مامۆستا و داڕێژەری بیری زانستانەی ئازادی و سەربەخۆیی کوردستان – مامۆستا جەمال نەبەز، کورتەیەک لە هۆکاری سەرهەڵدانی بیری دامەزرانی "کاژیک"ی ڕۆنکردەوە و، بارودۆخی تایبەتی سەردەمی دامەزرانی 'کاژیک"ی بۆ ئامادەبووان خستەڕوو. بەڕێز مامۆستا نەنەز، لەکۆتایی وتەکانیدا هیوای سەرکەوتنی بۆ کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان و، ئامانجەکانی دەربڕیی.

**پاشان ناوی ئەم حیزب و کەسایەتی و ڕێکخراوانە خوێندرانەوە کە پەیامی پیرۆزبایی خۆیان ناردبوو بۆ کۆنگرەی (٦):**

١- شارەداری لەندەن بەڕیز بوریس جۆنسن. ٢- لۆرد جیفری ئارشر – بریتانیا. ٣- شێخ مۆرشد خەزنەوی کوڕی شەهید شێخ محەممەد مەعشووق خەزنەویی لەوڵاتی نۆرویژ. ٤- پەیامی جێگری شارەداریی لەندەن بەڕێز ریشارد بارینز. ٥- پەیامی ڕێزدار مامۆستا محەممەد ئەحمەدیان لەوڵاتی نۆرویژ. ٦- پەیامی بەڕێز شێخ عومەر غەریب لە ئەمریکا. ٧- پەیامی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان – ڕۆژهەڵات (ڕێکخستنی نێوخۆی وڵات).



٨- پەیامی ڕێزدار سەرهەنگ چیا لە وڵاتی سوید. ٩- پەیامی هاوبیر سمکۆ عەلی نوێنەری کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان لە سکاندیناڤیا. ١٠- پارتی سەربەستیی کوردستان. ١١- ڕێکخراوی خەباتی شۆڕشگێڕی کوردستان (ڕۆژهەڵات). ١٢- دوکتۆر وریا ڕەواندزی – ڤیەننا. ١٣- پەیامی هاوبیر شوان بەرزنجی بەرپرسیاری کۆنگرە لەوڵاتی نۆرویژ. ١٤- حیزبی ڕزگاریی کوردستان. ١٥- کاک حاجی سلێمان/ماڵپەڕی بنکە لە ئەڵمانیا. ١٦- بەڕێز پرنس چارلس- میری ویلز لە بریتانیا. ١٧- پەیامی مامۆستا ئۆمێد باوکی شەهید بەختیار. ١٨- نووسەر بەڕێز موحسین جوامێر. ١٩- بەڕێز تارق نامیق – هەولێر باشووری کوردستان.



٢٠- بەرێز کەریم سورێنی – هامبۆرگ (ئەڵمانیا). ٢١- بەرێز خالد رەئووف بەرپرسیاری کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان لە وڵاتی ئەڵمانیا. ٢٢- مامۆستا کارزان شارەبانیی لە بەریتانیا. ٢٣- دوکتۆر محەممەد ساڵح گابۆری – باشووری کوردستان. ٢٤- بەرێز عەبدولحەلیم گابوری – ئەمریکا. ٢٥- دیرۆکناس مامۆستا عەبدولرەقیب یۆسف – باشووری کوردستان. ٢٦- کاک عوسمان باکووری کوردستان. ٢٧- ڕیزدار کاک عەلی مەحموود ناوەندی هەڵەبجە (چاک). ٢٨- بەرێز نۆرمان لینستەر – سەرۆکی بیرۆی رۆژهەڵاتی ناڤین لە وزارەتی دەرەوەی بریتانیا. ٢٩- بەرێز لورد هیلتون. ٣٠- بەرێز مدنی ئایهان- باکووری کوردستان. ٣١- بەرێز حەمید برایمی لە وڵاتی هۆڵەند. ٣٢- هاوبیرانی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان لەهەر بەشی کوردستان و لەدەرەوەی وڵات، بەتەلەفۆن و ناردنی فاکس و ئیمەیل، پیرۆزبایی خۆیانیان پێشکێش کردووە.

ئەم کەسایەتی و رێکخراوانەش لە کۆنگرەی (٦) بەشدار بوون:

هاوبیر مامۆستا محەممەد شەیدا، بەرێز عەدنان شاسوار، بەرێز ئەحمەد دادو، بەرێز دوکتۆر ئەحمەد شەمۆ، بەرێز ئەحمەد شێخمووس، خاتوون ئامینە عبدالقادر دەباغی، بەرێز ئارا کامیل ژیر، ئەردەڵان هەورامی، بەرێز ئاسو محەممەد، بەرێز عەونی موراد، بەرێز دوکتور ئازا عبدالله، بەرێز ئازاد خەلیل، بەرێز ئازاد میرانی، بەرێز باتکین عارف، نووسەری بریتانی بەرێز دیفید ئادمسون، بەرێز فواز ئابی، خاتوون فریشتە راپەر، بەرێز هادی سراج، بەرێز ماموستا حاجی ئۆمید، بەرێز حکم خرسا، بەرێز هەمزە بایزیدی، بەرێز هاشم کریمی، بەرێز خاتوون هوما رەزاییان، بەرێز ئیبراهیم بایزیدی، بەرێز ئیبراهیم خلیل، بەرێز جان عوسمان، بەرێز دوکتۆر جەمال عبداله، بەرێز خاتوون ناجیە خان، بەرێزان مامۆستا نەورۆز و هاوسەری، بەرێز کەمال سەبری بەگ، بەرێز خاتوون شیرین سەبری، بەرێز کاوە بەهەشتی بەرپرسی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان- ئێران لە بریتانیا، بەرێز کاوە نەبەز، بەرێز خوسرەو غریب، بەرێز بانە خوسرەو غریب، بەرێز خاتوون لەیلا بارزانی، بەرێز کاوە کونە بوش، بەرێز دوکتۆر محەممەد مستەفا، بەرێز محەممەد سەعید، بەرێز محەممەد ساڵح کەرکووکی، بەرێز مەولوود سوارە بەرپرسی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لە بریتانیا، بەرێز خاتوون نەریمان ئیبراهیم، بەرێز نوری بالکایتی، بەرێز رزکار حاجی، بەرێز رودین مستەفا، بەرێز دوکتۆر سامی خەفاف، بەرێز سەرهەنک کەریمی و هاوسەری. بەرێز سایمون رولی، بەرێز سیبان عوسمان، بەرێز یوسف کلکل، بەرێز وجدان دیرکی، بەرێز زوبەیدە حسێن، بەرێز دوکتور سامان، بەرێز مەلا حسێن، بەرێز خاتوون ئیونیلا سەرۆکی کۆمەڵگەی رۆمانیا لە بەریتانیا، بەرێزان فواد مستەفا، دوکتۆر ئالان محەممەد عەلی، مەجید سالایی، ئۆمێد دیواندەرە. سەروەت عەلی نوێنەری حیزبی سۆسیالدێمۆکراتی کوردستان. دوکتۆر فۆرحان ئەحمەد نوێنەری کۆمەڵەی کوردی – دۆستایەتیی بریتانی. بەرێز شوانە محەممەدی. بەرێزان مارتا ساندرا، رزگار چاوشین، هاوسەرعەلی، محەممەد میراویی، ئاوات موراد، وەفا رۆستەمزادە، حەبیب سادقی، عومەر نەبەز، رێبین عومەر ساڵح و، کاک شوان برادۆستی و ئیمی ولارد و بەرێز دەروون هەورامی، بەرێز یۆسف باکووری لە بریتانیا و بەرێز سۆران کاوسی لەوڵاتی نۆروێژ.



لە درێژەی بەرنامەکاندا کۆنگرە هاتەسەر هەڵبژاردن بۆ دەستنیشانکردنی سەرۆکی نوێی کۆنگرە لەنێوان کۆنگرەی (٦) و (٧) دا. هاوبیر سیروان کاوسی، داوای لە تێکرای بەشدارانی کۆنگرە کرد، هەر کەسێک ئامادەیە و لەخۆی رادەبینێت ئەرکەکانی سیاسی و نەتەوەیی کۆنگرە لەنێوان کۆنگرەی (٦) و کۆنگرەی (٧) دا ببات بەرێوە، خۆی هەڵبژێرێت. رێزدار دوکتۆر جەواد مەلا، وتەیەکی پێشکێش کرد و، گوتی: "با ئێمەش نەبینە لاساییکەرەوەی ئەو کولتوورە سیاسییە چەوتەی کە لە رۆژهەڵاتی ناڤیندا هەیە، کە سەرۆک بۆ هەتاهەتایی لە دەسەڵاتدا دەمێنێتەوە و، پێویستە یەکێکی دیکە جێی بگرێتەوە". پاش



راگۆڕینەوە و باسولێدوانی پێویست لەم بارەیەوە، بەشدارانی کۆنگرە داوایان کردلێی خۆی هەڵبژێرێتەوە و، بەزۆرینەی دەنگ، "دوکتۆر جەواد مەلا" بۆ سەرۆکی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان هەڵبژێردرایەوە.

**هونەرمەندی هێژا و دەنگخۆش عادل هەورامی، دەمژمێر (٥) ی پاشنیوەڕۆ گەیشتە نێو هۆڵی کۆنگرەوە و، لێدوانێکی کورتی پێشکێشی ئامادەبوانی کۆنگرەکە کرد.**

شایانی باسە، سەرەڕای ئەوەی کە پارتی دیمۆکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بەفەرمیی بانگێشتی کۆنگرە کرابوون و، بەشدارییان نەکرد، بەڵکو تەنانەت میدیای هیچ لایەنێکیشیان لەشوێنی کۆنگرە ئامادە نەبوون. لەبری میدیای کوردیی، ئەوە تەلەفزیۆنی "ئەلجەزیرە" بوو، کە هاتە نێو هۆڵی کۆنگرەوە و، سەبارەت بە ئامانجی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان و، بڕیارەکانی کۆتایی کۆنگرە پرسیار و ڕاپۆرتی خۆی ئامادە کرد و، ئێوارەی هەر ئەو ڕۆژە، هەواڵی بەستنی (کۆنگرەی٦)ی بە گوێی دەیان ملیۆن بینەری خۆی لەنێو دنیای عەرەبدا گەیاند..

**لەدوابەشی بەرنامەکەدا، هاوبیر سیروان کاوسی ئەم خاڵانەی خوارەوەی خوێندەوە و، پاش پرسیار و وەرام سەبارەت بە هێندێک لە بەندەکانی پێشنیازکراوی بڕیارنامەی کۆنگرەی (٦) ەوە، ئەم خاڵانەی خوارەوە بەتێکڕای دەنگ پەسندکران:**



***- کۆنگرەی (٦) سەرکەوتنی گەلی کورد لە باکووری کوردستان لە هەڵبژاردنی شارەوانییەکاندا بەرز دەنرخێنێ و، پەیامی پیرۆزبایی و پشتیوانیی خۆی دەنێرێت بۆ پارتی کۆمەڵگەی دیمۆکراتی (DTP) و، بۆ گەلی کورد لە باکووری کوردستان!**

***- کۆنگرەی (٦) پشتیوانیی لە هەموو شێوازەکانی خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلەکەمان دەکات، کە لەنێوخۆ و لەدەرەوەی وڵات دەبنە هۆی لاوازکردنی دەسەڵاتی نگریسی داگیرکەران بۆ سەر نەتەوەی کورد و نیشتمانەکەیدا!**

***- کۆنگرەی(٦) پیلانگێڕی و هێرشی بەردەوامی ڕژێمەکانی داگیرکەری تورکیا و ئێران و، پاڵپشتەکانیان بۆ سەر خاکی باشووری کوردستان، مەحکووم و شەرمەزار دەکات!**

*** - کۆنگرەی (٦)، داوا لە سەرکردەکانی پارتی و ڕێکخراوەکانی کورد، لە هەموو بەشەکانی کوردستان دەکات، واز لەو پەیام و، لێدوانانە بهێنن، کە دەبنە هۆی بریندارکردنی هەستی نەتەوەیی گەلی کورد و، زیان بە یەکێتیی نەتەوەیی و بەرژەوەندییەکانی نەتەوەی کورد دەگەیەنن!**

*** - کۆنگرەی (٦)، جارێکی دیکە، پشتیوانیی خۆی لە جاڕنامەی گەردوونی مافی مرۆڤ دەردەبڕێ و، دەنگ و پشتیوانیی خۆی دەخاتە پاڵ دەنگ و خەباتی هەموو حکوومەتەکانی دنیای ئازاد، کە دژ بە تێرۆر و دیکتاتۆری دەجەنگن!**

*** - کۆنگرەی (٦) داوا لە حیزب و ڕێکخراوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکات، ناکۆکی و دووبەرەکیی نێوانیان بە دانیشتن و دیالۆگ لەگەڵ یەکدی چارەسەر بکەن و، پێکەوە بەرەیەک لەدژی ڕژێمی داگیرکەری ئێران پێکبهێنن!**

*** - کۆنگرەی (٦) پەسندی کرد، شاندێک لەلایەن کۆنگرەوە دەسنیشانبکرێت بۆ ئەنجامدانی دیدار و کۆبوونەوە لەگەڵ کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان و، کۆنگرەی نەتەوەیی کورد لە ئەمریکا. کار بکرێت بۆ تێکەڵاوبوون و، سازکردنی کۆنگرەیەکی گشتیی، بە بەشداریی حیزب و ڕێکخراو و، کەسایەتیی رامیاری و ناڕامیاریی کوردی و کوردستانیی، لەسەر بناخەی باوەڕ و پرنسیپی نەتەوەیی!**

*- كۆنگرەی (٦) داوا لە حكوومەتی هەرێمی كوردستان دەكات، ڕێبدات بە ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ئازاد، بۆ ئەوەی حكوومەتێكی نوێ لەسەر بناخەی ڕێزگرتن لە مافەكانی سیاسی و كۆمەلایەتی و نەتەوەیی كورد دابمەزرێ و، گەندەڵی و پاشاگەردانیی، بنبڕ بكرێت. ئەم حكوومەتەی ئێستا، بەرهەمی خوێنی شەهیدان و، ماڵوێرانی و قوربانیدانی بێئەرماژی نەتەوەی كوردە. لەبەر ئەوە پێویستیی سەرشانی دەسەڵاتدارانی حكوومەتی هەرێمە، ڕێز لە خەبات و قوربانیدان و ئامانج و داخوازییەكانی نەتەوەكەیان بگرن و، ڕێبدەن بە هەڵبژاردنی ئازاد لە كوردستان، بەزووترین كات!

* - كۆنگرەی (٦) كۆمیتەیەک هەڵبژێرێت كە نوێنەری حیزب و لایەنەكانی بەشداری كۆنگرەی ئەمڕۆ (٢٠٠٩/٤/١٨)ی تێدابێت، بۆ ئەوەی بەبیروڕای یەكدیی پلاتفۆرمێكی هاوبەش دابڕێژن كە بیروباوەڕی نەتەوەیی و ئامانجی گشتیی نەتەوەی كورد ڕەچاوبكات و، لەگەڵ حیزب ولایەنەكانی دیكەش كە بەشداری ئەم كۆنگرەیە نەبوون، دیدار بكات و، ڕازییان بكات بۆ بوون بە ئەندام لەدەوری ئەم پلاتفۆرمە هاوبەشە!

*- هەروەک لە بەڵگەنامە و كۆنگرەكانی پێشووي كۆنگرەی نیشتمانیی كوردستاندا جەختی لەسەر كراوە، داوا لە كۆنگرەی (٦) دەكەین، پشتگیریی ئەنجامدانی ڕێفراندۆمێكی سەرتاسەریی بكات لە كوردستان، بەچاودێریی كۆمەڵەی نەتەوە یەكگرتووەكان و، وڵاتانی دنیای ئازاد، بۆ ئەوەی نەتەوەی كورد بتوانێت، لەئازادیی تەواودا دەنگ بۆ دیاریكردنی چارەنووسی خۆیبدات!

*- كۆنگرەی (٦) داوا لە بەرپرسان و سەرۆكی یاسایی عێراق و كاربەدەستانی هەرێم دەكات، پێبەند بن بە بڕیارەكانی دادگە لەدژی تاوانبارەكانی گەلەكەمان و، نەبنە هۆی ڕاكردن، یان داڵدەدانی ئەو تاوانبارانەی لە قەلاچۆ و كوشتنوبڕینی گەلی كورددا دەستیان هەبووە. كۆنگرەی (٦) هەروەها داواكارە، ئەو تاوانبارانەی لە وڵاتانی ئۆروپاییدا دەژین، لەلایەن دادگەی ئەو وڵاتانەوە بڕیاری گرتنیان بدرێ و لێكۆڵینەوەیان لەگەڵدا بكرێت و، بەپێی یاسای تاوانی قڕكردن و جێنۆسایدی ڕەگەزیی، سزایان بۆ ببڕدرێتەوە!

*- كۆنگرەی (٦) داوا لە هەموو حیزب و ڕێكخراوەكانی كوردستان دەكات، لەبەرامبەر داگیركەرانی كوردستاندا یەكبگرن. داگیركەرانی كوردستان سەبارەت بە لەنێوبردنی نەتەوەی كورد ستراتیژ و ئامانجێكی هاوبەشیان هەیە. پێویستە ئێمەش یەكبگرین و، پێكەوە پیلانی داگیركەرانی كوردستان پووچەڵ بكەینەوە و، نەتەوەی كۆیلە و نیشتمانەكەمان كوردستان لەژێرچنگی داگیركەرانی خوێنڕێژ ڕزگار بكەین!

*- كۆنگرە، پێشوازیی لە پێشنیازەكەی كۆنگرەی نیشتمانیی كوردستان – سەركردەیەتیی باشوور كرد و، پەسندی كرد، ئەگەر بارودۆخ بەلەبار و گونجاو زانرا، كۆنگرەی (٧) لە باشووری كوردستان ببەسترێت!

پاش هەڵبژاردنەوەی دوكتۆر جەواد مەلا بۆ سەرۆكی كۆنگرەی نیشتمانیی كوردستان، ڕۆژی ٢٠٠٩/٤/١٩ سەرۆكایەتی و ژمارەیەک لە ئەندامان و كادرەكانی كۆنگرە پاش پێداچوونەوە سەبارەت بە چالاكی و تێكۆشینی دەزگەكانی كۆنگرە لەنێوخۆ و لەدەرەوەی وڵات، ئەم هاوبیرانەی كە لەخوارەوە نێویان دێت، تا بەستنی كۆنگرەی داهاتوو (كۆنگرەی٧)، هەڵبژارد بۆ سەرۆكایەتیی دەزگەكانی كۆنگرەی نیشتمانیی كوردستان:

١ – هاوبیر برووسكە ئیبراهیم بەرپرسیاری پێوەندییەكانی دەرەوەی كۆنگرە. ٢- هاوبیر سیروان كاوسی بەرپرسیاری دەزگەی ڕاگەیاندنی كۆنگرە. ٣- هاوبیر ئازاد مافكۆ بەرپرسیاری پێوەندیی جەماوەری و حیزب و ڕێكخراوەكانی كوردستان. ٤- هاوبیر گۆران دەرگەزێنیی بەرپرسیاری ڕادیۆی كۆنگرە. ٥- هاوبیر سیپان عوسمان بەرپرسی پێوەندییەكانی كۆنگرە بە ئینتەرنێتی جیهانیی.

ئەم ڕاگەیەندراوەیە، بۆ ئاگاداریی جەماوەری گەلەكەمان و، هەروەها بۆ ئاگاداریی هەموو كەسایەتیی كورد و، حیزب و ڕێكخراوەكانی كورد و كوردستانیی دەنێردرێت.

ئەم ڕاگەیاندراوە، پاش ئامادەكردن، هەروەها بە زمانەكانی دیكەش بلاودەكرێتەوە و، دەنێردرێ بۆ ڕۆژنامەكان و تەلەفزیۆنەكان.

كۆنگرەی (٦)، سوپاسی گەرمی هاوبیرانی هێژا كاک شوان برادۆستی و ئیمی ولارد، دوكتۆر محەممەد، كاک مەحەممەد سالح، بەڕێزان حاكم و كاوە و خاتوون هۆما دەكات كە ئەركی بەڕێوەبردنی مێوانداریتی و پاراستنی كۆنگرەیان بەرێكوپێكی تەواوەوە بەڕێوەبرد.

كۆنگرەی (٦) بەسەركەوتووییەوە بە خوێندنی سروودی نەتەوەیی "ئەی ڕەقیب"، كۆتایی پێهات.

**هەرشەكاوەبێت، ئاڵای بەرز و پیرۆزی ئازادی و سەربەخۆیی كوردستان!**

**كۆنگرەی نیشتمانیی كوردستان**
**١٨/٤/٢٠٠٩**

## نامەی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان بۆ کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان!

**ڕێزدار کاک تاهیر کەمالیزادە سەرۆکی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان/**
**هاوبیرانی بەڕێز و نیشتمانپەروەر لە سەرۆکایەتیی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان**

سڵاوی ئازادی و سەربەخۆییتان پێشکێش دەکەین. هیواداریین لە بەڕێوەبردنی ئەرک و خەباتی سیاسی و نەتەوەییتاندا سەرکەوتووبن.

بەڕێزان، کۆنگرەی (٦)ی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان، ڕێکەوتی ٢٠٠٩/٤/١٨ لەشاری لەندەن لەوڵاتی بریتانیا بەڕێوەچوو. لەئەنجامی باسولێدوانی پێویست سەبارەت بە دۆخی هەستیار و چارەنووسسازی ئێستای نەتەوەی بندەستی کورد و، ئاستەنگ و گیروگرۆکانی سەرڕێی خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلەکەمان، لە کۆتاییدا ئەندامانی بەشدار لە کۆنگرە بەتێکڕای دەنگ، بڕیاریان لەسەر چەندین خاڵی گرنگدا، کە لە ڕوانگەی بەشدارانی کۆنگرەی (٦) وە بایەخپێدان و جێبەجێکردنیان، دەبنە هۆی پێشخستنی خەباتی ڕەوای گەلەکەمان بۆ گەیشتن بە ئازادی و ڕزگاریی یەکجارەکیی.
یەکێک لە بەندەکانی پەسندکراوی کۆنگرەی (٦)، تایبەتە بە ئەنجامدانی کۆبوونەوە و دیدار لەگەڵ کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان. دەقی بڕیارەکە بەمجۆرەیە:

- **- کۆنگرەی (٦) پەسندی کرد، شاندێک لەلایەن کۆنگرەوە دەسنیشانبکرێت بۆ ئەنجامدانی دیدار و کۆبوونەوە لەگەڵ کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان و، کۆنگرەی نەتەوەیی کورد لە ئەمریکا. کار بکرێت بۆ تێکەڵاوبوون و، سازکردنی کۆنگرەیەکی گشتیی، بە بەشداریی حیزب و ڕێکخراوە و، کەسایەتیی ڕامیاری و ناڕامیاریی کوردی و کوردستانیی، لەسەر بناخەی باوەڕ و پرنسیپی نەتەوەیی!**

**بێگومان، ئێوەی بەڕێزیش لەگەڵمان هاودەنگن، کە لەکات و ڕۆژێکی وەک ئەمڕۆ، کە زۆربەی پارتی و ڕێکخراوەکانی کوردستان تووشی ناکۆکی و، جیابوونەوەن، کۆبوونەوە و، لێکنێزیکبوونەوەی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان و، کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان هومێدێکی تازە بە گەلی کوردمان دەبەخشێ، هاوکات دینەمۆیەکی بەهێزیش دەبێت بۆ پەرەپێدانی خەباتی سیاسی و جەماوەری و دیپلۆماسیی لەنێوخۆ و لەدەرەوەی وڵات.**

**لەگەڵ ئەم نامەیەدا، دەقی ڕاگەیاندنی کۆتایی کۆنگرەی (٦) دەنێرینە خزمەتتان.**

**چاوەڕوانی وەرامی بەڕێزتانین**

**هەر بژین بۆ ئازادی و سەربەخۆیی و بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان!**

**براتان: جەواد مەلا**
**سەرۆکی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان**
16/5/2009

**"ماوەی سەروتار"**

لێدوان و شرۆڤەی خۆیان سەبارەت بە مافی ڕەوای نەتەوەی کورد بۆ گەیشتن بە سەربەخۆیی و، ئاستەنگەکانی پێوەندیدار بە کێشەی نەتەوەی کوردەوە خستەڕوو.

لێ، هەردوو پارتی دەسەڵاتداری باشوور نەتەنیا بەشدارییان نەکرد، بەڵکو تەنانەت ئامادەش نەبوون، بەدێڕێک وەرامی بانگێشتی کۆنگرە بدەنەوە کە بەڕێزەوە بۆیان نێردرابوو. یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەوەشی تێپەڕاند، ئەندام و لایەنگرانی خۆی لە شاری لەندەن ئاگادار کردبووەوە، بەشداریی کۆنگرەی ٦ی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان نەکەن! شایانی باسە، ئەمە جای یەکەم نەبوو، لە کۆنگرەکانی پێشووشدا هەڵسوکەوت و تەگەرەخستنەسەرڕێی لەم چەشنەیان بەرامبەر کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان ئەنجامدابوو.

لەبەرامبەردا، سەرۆکایەتیی کۆنگرە، هەر لە کاتی دامەزرانی حکوومەتی هەرێمەوە تاکو ئەمڕۆ، چ بەناردنی نامە و پەیامی دۆستانە، چ لە دیدار و کۆبوونەوە لەگەڵ سەرۆکایەتیی هەردوو لایاندا، تێکۆشیوە ڕازییان بکات گوێ لە بۆچوون و پێشنیازی دڵسۆزانەی کۆنگرە و هاوبیرانی نەتەوەیی رادێرن و، پێکەوە هەوڵێکی وابدەین کە ئەو بارودۆخە گرنگ و مێژووییەی بۆ کورد هەڵکەوتووە، لەبار نەچێ و، بەژیری و هۆشیاری و، بە ڕەچاوکردنی ئامانج و ستراتیژی نەتەوەیی، پلانێکی وا دابڕێژرێ کە داگیرکەرانی کوردستان نەتوانن ئەو نیوچە سەربەخۆییەی باشوور لەنێو بەرن. بۆ ئەمەش هەڵبژاردنێکی ئازاد ئەنجامبدرێت بۆ دامەزرانی حکوومەت و پەرلەمانێکی کوردستانیی. لەشکری کوردستان سازبکرێ، یاسایەکی هاوجەرخ ئامادەبکرێت کە کەسایەتیی مرۆڤ و یەکسانیی لەنێو ئەندامانی کۆمەڵگە بپارێزرێ و، بووجە وسامانی وڵات سەرفی ئاسایش و پێشکەوتنی وڵات و دانیشتوانی بکرێت. بەڵام بەپێچەوانەی هەوڵ و چاوەڕوانیی ئێمە و، جەماوەری گەلەکەمان، وا دەبینین ئەم دوو پارتە دەسەڵاتدارە، بە تەواوەتیی ڕێککەوتوون، پارێزگاریی لە دەسەڵات و بەرژەوەندییە ئابوورییەکانیان بکەن و، گوێنەدەنە ڕێنوێنی و پێشنیازی دڵسۆزانی کورد و، بایەخ بە گلەیی و ڕەخنەی جەماوەر نەدەن. لە پێناو بەرژەوەندیی خۆشیاندا، دەرفەتی تاکهەڵکەوتووی باشوور و، بزاڤی ڕزگاریخوازیی بەشەکانی دیکەی کوردستان بکەن بە بەردەباز بۆ چەسپاندنی زیاتری دەسەڵاتی خۆیان بە سەر جەماوەری لێقەوماوی کورددا.

لێرەدا ئەم پرسیارە بەڕەرووی دەسەڵاتدارانی هەردوو حیزبەکە دەکەینەوە، ئەگەر کلەیی وگازندەیان لە پێ کێ کێ و پژاک ئەوەیە، لە خاکی باشووری کوردستانەوە پەلاماری هێزی چەکداری ئێران و تورکیا دەدەن و، ئەو دوو ڕژێمە داگیرکەرە، بوونی هێزی چەکداری ئەوانیان کردووەتە بیانوو بۆ زیانگەیاندن لە دەستکەوتەکانی باشووری کوردستان و، لەنێوبردنی گیان وسامانی هاووڵاتیان لە سنوورەکانی ڕۆژهەڵات و باکوور، خۆ کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان بەهێزی چەک و پێشمەرگەوە لە باشوور نییە، هۆی چییە ماوەی ١٨ ساڵی ڕەبەقە ڕێپێنادرێ لە باشووردا نووسینگەیەکی ڕەسمی بکاتەوە؟! کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان چارەکە سەدەیەکە، بێوچان بۆ چارەسەرکردنی پرسی کورد و، بۆ سەربەخۆیی نەتەوەی کورد تێدەکۆشێ، هۆی چییە بانگەوازی بەستنی گوایە کۆنگرەی نەتەوەیی لە هەولێر بڵاودەکرێتەوە، بێئەوەی ئاوڕ لە کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان و دەیان کەسایەتی و زانا و ڕێکخراوی نەتەوەیی و سەربەخۆی دیکە بدرێتەوە؟!

ئێمە زۆر بەداخەوەین، دەسەڵاتدارانی حکوومەتی هەرێم، سیاسەتێکی وا پێڕەو دەکەن کە بە هیچ شێوەیەک خزمەتی یەکڕیزیی گەلی کورد و خەباتی ڕەوای ناکات. دژایەتیکردنی نەتەوەییەکانی کورد و، ئەو کەسانەی دڵسۆزی ڕاستینەی گەل و نیشتمانەکەیانن، پێشێلکردنی ئازادی و بێڕێزیی بەرامبەر مافی ئازادیدەربڕین، بەفیڕۆدانی بووجە و سامانی خەڵکی لێقەوماو و ئەنفاللێدراوی کورد و، خۆسەپاندن و خۆدەولەمەندکردن، تەمەنی درێژی نییە و نابێت. نەتەوەی کورد هەروەک چۆن لەدژی زۆرداری و چەوساندنەوەی داگیرکەرانی ڕاپەڕیوە، هەروا‌ش ناتوانێت بەرامبەر ستەم وزۆرداریی دەسەڵاتدارانی خۆیی، بێدەنگ بێت. لەبەر ئەوە، داوا لە سەرکردەیەتیی پارتی دیمۆکراتی کوردستان و، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەکەین، کات لەدەستنەدەن و، بیرێک لە هەڵە و کەموکورتییەکانی چەند ساڵی ڕابوردوویان بکەنەوە و، کارێکی وابکەن، ڕێز و متمانەی جەماوەری کورد و دڵسۆزانی گەلەکەیان بۆلای خۆیان ڕۆشنبیران ڕاکێشنەوە!

# پەیامی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان/ سەرکردایەتی باشوور بۆ کۆنگرەی شەشەم

**هاوبیرانی هێژاو بەرێز:**

لە باشووری کوردستانەوە، هاوبیرانی کونگرەی نیشتمانیی کوردستان، پەیامی پیرۆزبایی خۆیان پیشکێش بەشەشەمین کۆنگرەمان دەکەن. ئەم کۆنگرەیەمان خۆشبەختانە ڕێکەوتی یادی پەنجا ساڵەی دامەزراندنی **کۆمەڵەی ئازادی و ژیانەوەو یەکێتی کورد (کاژیک)** دەکات. ئەو ڕیکخراوە سیاسییەی بەدرۆشمی **کوردستان بۆ کورد،** یەکسانی بۆ گەل لە ١٤/-٤/-١٩٥٩ دا هاتەسەر شانۆی خەبات لەپیناوی سەربەخۆییدا بۆ کوردستان.

**ئەم کۆنگرەیەی** ئێمەش کەلەرووی هزرەوە هەمان مەبەستی ئەو رێکخراوە سیاسییەی هەیە، بەدرۆشمی سەربەخۆیی و ئازادی بۆ کوردستان، گوزارە لە خواست و ویستی جەماوەری گەلەکەمان دەکات و هەمیشە دوویاتی دەکاتەوە کە ئەوە تاکە رێگەو چارەسەری تەواوە بۆ دۆزی نەتەوەی کوردمان. بەڵام ئەوەی جێگەی سەرسوورمانە، دوای تاقیکردنەوەیەکی دوورودرێژی پر لە مەرگەساتی پێکەوەژیان لەگەڵ نەتەوە هاوسێکانی کوردستاندا کەلای بەرێزتان شاردراوەنییە، هێشتا ژمارەیەک کۆرو کۆمەڵ و رێکخراوی سیاسی ئامادەنین لەژێر چەترێکی بەرەیی، یان کۆنگرەییدا خەباتیان یەکخەن لە پێناوی سەربەخۆیی کوردستاندا، کە ئەوە مەبەست و ئامانجی ئەم کۆنگرەیەمانە. **ئەوانە بۆ مەبەستیک، یان لە رووی نەزانینەوە، وا دەزانن ئەنجامێکی وەک خودموختاری یان فیدراڵی لەبەدەسهێنانی سەربەخۆیی ئاسانترە.** ئەوانە لەرووی بێباوەڕیی بەخۆیانەوە، دەڵێن ئێستا سەردەمی هێز نەماوە و سەردەمی گفتوگۆیە، ئەوانە لەرووی نەبوونی هوشیاریی نەتەوەییەوە, لەژێر یەک چەتری کۆنگرەیی یان بەرەییدا کۆنابنەوە. ئەوانە یا دوورن لە جەماوەری کوردەوە یان گەندەڵی بەسەر ئەو جەماوەرەوە دەکەن.

راستییەکەی، بەدەستخستنی خودموختاری، یان فیدراڵی بۆ بارودۆخی ئێستای کورد، لە سەربەخۆیی گرانترە. چۆنکە ئەوانە گرێبەستن لەگەڵ داگیرکارانی کوردا، ئەو داگیرکارانەش نیشتمانی کورد بە مڵکی خۆیان دەزانن و بە گفتوگۆ دەستبەرداری نابن. گرێبەستیش، ئەگەر لەبەر هەر هۆیەک, بکرێت، کاتیی دەبێ و هەر لایەنێکی گرێبەستەکە، کە بەرژەوەندیی نەما، لێی دەردەچێ. ئەو دروشم و ئەنجامانە کەشوهەوای دیمۆکراسییان دەوێ کەلای داگیرکارانی کوردستان بوونیان نییە. خودموختاری و فیدراڵی، کێشەی ناوخۆیین و پشتگیریی نێودەوڵەتییان نابێ. نەتەوەیەک لە ژێر سایەی خودموختاری و فیدراڵیدا گەشە ناکات. ئەوانە سیستمی فەرمانرەواییین نەک مافی نەتەوەیەک. دەشێ بەپێی سیستمێکی فەرمانرەوایی، پێیرەوی خودموختاری یا فیدراڵی بکرێت بەبێ ئەوەی کێشەیەکی نەتەوەیی لە ئارادا هەبێ..

**سەربەخۆیی، خواست و ویست و مافی نەتەوەیەکە کە دەهێنێ شۆرشی بۆ بکرێ و گیانی بۆ ببەخشرێ. سەربەخۆیی گرێبەستێکی کاتیی نییە و رەزامەندیی داگیرکارانی ناوێ و پاشگەزبوونەوەشی تێدا نییەو پشتگیریی نێودەوڵەتیشی دەبێ، بەهیوای بەرژەوەندییەکانیان, بەتایبەتی بۆ وڵاتێکی وەک کوردستانی خاوەنی نەوت و ئاوو ژینگەی خاوێن و پر هەتاوو پر کەرەستەی خاوی پێویست بۆ پیشەسازی و کشتوکاڵ. گیانی فیداکاریش بۆ سەربەخۆییی لەپێشتر و ئامادەترە. وەک بەڵگە نەویستێکیش، ئەوەی بە نەتەوەی کوردمان کرا لەپێناوی ئۆتۆنۆمییەکدا، لەوە زیاتری پێنەئەکرا بۆ سەربەخۆیی. ئەوەی ئێستا لەدەوڵەتی عیراقدا پێی دەوترێ فیدراڵی، ئەوە، یەکەم: مەرجەکانی فیدراڵیی تێدانییە. دوەم: ئەوە تەنیا لە فەرهەنگی لایەنی کوردیدا فیدراڵییە. لایەنەکانیکە گاڵتەیان پێدێ و لە خۆئامادەکردندان بۆ لەنێوبردنی ئەو ناوە بێناوەرۆکەی سەرکاغەزی دەستوور.**

**بەرێزان:** دەرگەی سەربەخۆیی لەهیچ نەتەوەیەک دانەخراوە، سەربەخۆیی، یان لە هەلێکدا، یان بەپێی بەرنامەیەکی زانستی بەدەستدەخرێ. لەهەردوو بارەکەشدا، ئامادەیی و لێهاتوویی سەرکردەیەتیی ئەو نەتەوەیە بۆ سەربەخۆیی پێویستە. لەئەنجامی هەر کودەتایەک، یان

جەنگێکی جیهانی، یان ناوچەییدا, هەل بۆ سەربەخۆیی دەرەخسێ. لە رابردووی نزیکماندا، دوای راپەڕین و رەوەبەکۆمەڵەکە و بڕیاری ٦٨٨ و ٩٨٦ و "ناوچەی ئارام" و هەرێمی نەفرین و چەکوشی ئامادە و هێڵی ٣٦ و، لەکاتی رووخانی رژێمی بەعسیشدا، هەلی سەربەخۆییی بۆ باشووری کوردستان رەخسا. بەڵام نەبوونی سەرکردایەتییەکی لێهاتووی سەربەخۆییخواز، ئەو هەلەی لەدەستدا. هەرچەندە هێشتا شتێک بەبەر نیمچە قەوارە سیاسییەکەی هەرێمی کوردستانەوە ماوە بۆ ئەوەی بکرێتە بەردی بناغەی سەربەخۆیی، ئەگەر سەرکردایەتییەکی کارامەو خاوێن و زاناو ئازاو پشتبەستوو بەنەتەوەی کورد، جڵەوبگرێتەدەست و سوپایەکی خاوەن چەکی مۆدێرن دەستەبەرکا وەک چەندین لەو ولاتانەی رێژەی داهاتیان ناگاتە رێژەی داهاتی ئەم هەرێمە. ئەمرۆ زۆرێک لە دەوڵەتان چاویان بڕیوەتە ئەو دەریای نەوتەی لەژێر خاکی کوردستاندا هەیە. ئەمەش هەلێکی زێرینە بۆ سەربەخۆیی. هەڵبەت رێگەیکەش بۆ سەربەخۆیی هەیە کە وتەی زیاتر هەڵدەگرێ و لەم پەیامەدا مەودا نییە.

ئەمرۆ شەشەمین کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان لە لەندەن دەبەسترێت. ئێمەش وەک سەرکردایەتی باشووری ئەو کۆنگرەیە، چەپکە گوڵی پیرۆزبایی پێشکێش بە شەشەمین کۆنگرەمان دەکەین و بەهیواین حەوتەمین کۆنگرە لەسەر خاکی کوردستان ببەسترێت و هاوکات هەموو سەرکردایەتی کۆنگرە و هەموو رۆشنبیرانی سەربەخۆییخواز لەهەندەرانەوە بنکەی نیشتەجێبونیان بەهەمیشەیی بگوێزنەوە بۆ کوردستان، چۆنکە کێڵگەی رەسەنی کوردایەتی، کوردستانەو کوردستانیش پێویستی بە رۆڵە بەئەمەکە سەربەخۆییخوازەکانی هەیەو کات کاتی گواستنەوەی گفتارە لە دوورەوە، بۆ کردار لە نزیکەوە. کرداریش یەکبوونی دەوێ و سەرەتای کاریش هەموو یەکبوونە ئەویش نابێ هەتا هەربرینێ کە لە دڵدا هەیە سارێژی نەکەی.

**سەرکەوتووبێ کونگرەی نیشتمانی لە پێناوی کوردستانێکی سەربەخۆو ئازاددا.**

**کونگرەی نیشتمانیی کوردستان-سەرکردایەتی باشوور**

18-4-2009

**بۆ/ بەرێز کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان**

بابەت / پیرۆزبایی

شادومانین کە دەبینین جارێکی تر هاوبیرانمان کۆنگرە دەبەستن و ستافیکی کارا بۆ خزمەتکردن بەدۆزی رەوای گەلەکەمان دەستنیشان دەکەن. لەم سۆنگەیەوە پیرۆزبایی خۆمان خۆمان ئاراستەی بەرێزتان دەکەین، هیواداریین بەردەوام بن لەسەر خەبات کردن لەپێناو بەدیهێنانی ئامانجە نەتەوەییەکانمان کەخۆی لە سەربەخۆیی کوردستاندا دەبینێتەوە.

**پیرۆزبێت کۆنگرەی (٦) ی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان!**
**سەرکەوتووبێت خەباتی نەپساوەی گەلەکەمان!**

**لەگەڵ رێزماندا ...**

**مەکتەبی سیاسیی**
**پارتی کاری سەربەخۆیی کوردستان**
**٢٧/٤/٢٠٠٩**

**پەیامی پارتی ئازادیی کوردستان**

**بەرێز: کۆمیتەی ئامادەکاری کۆنگرەی، کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان**

**بەرێزەوە داوەتنامەی بەرێزتانمان بۆ بەشداری لە کۆنگرەی 6 تاندا پێگەیشت. زۆرمان پێخۆشبوو، بمانتوانیبا، لەم کۆنگرەیەدا لەگەڵ ئێوەی بەرێز بەشداریمان کردبا لە لێکدانەوەی بارودۆخی سیاسی ولاتەکەمان و ناوچەکە. بەڵام بەهۆی حوزوورمان لە کوردستان وەرفاڵی سیاسیی و رێکخراوەییمان ئەو دەرفەتەمان بۆ نەڕەخسا.**

**بۆیە لەلایەن PAK وەوە، هەڤاڵ رۆستەمزادە، بەشداری کۆنگرەکەتان دەکا.**

**هەڤاڵانی بەرێز!**

**ئاواتی سەرکەوتن بۆ کۆنگرەکەتان دەخوازین و هیواداریین بڕیار و راسپاردەکانی کۆنگرە، یارمەوتیدەری یەکێتیی نێوان ریزەکانی نەتەوەی کورد و پاراستنی دەسکەوتەکانی تائێستا وگوڕوتین دان بە خەبات لەپێناو ئازادیی و سەربەخۆیی دابێ.**

**بەرێزەوە**
**پارتی ئازادیی کوردستان**
**سەرۆکایەتیی**
**29 خاکەلێوەی 2709**
**18ی ئاپریلی 2009**

# گۆتاری د. هەنە کۆیشلەر
# ئەندامی کۆمەڵەی ڕۆژنامەڤانانی ئەڵمانیا
# لە کۆنگرەی (٦)ی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان!




**بەڕێز سەرۆکی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان، میوانە بەڕێزەکان، هاوڕێ خۆشەویستەکان. زۆر سوپاسی بانگکردنم دەکەم بۆ قسەکردن بەم بۆنەیەوە پەنجاساڵ کاژێک.**

پەنجاساڵ کاژێک، واتە؛ پەنجاساڵ بەربەرەکانێی ڕۆشنبیرانەی بێوچان دژ بەرەوتی سەردەم، کە لەلایەن زلهێزەکانەوە سەپێندراوە.

لەساڵی ١٩٥٩ دا، واتە؛ لەوساڵەدا کە کاژێک دامەزرا، ماوەیەکبوو کودەتاکەی جەنەراڵ قاسم لەعێراقدا، هیوایەکی وای پەیداکردبوو، کە دەسەڵاتی هێزە دەرەکییەکان، بەسەر ڕۆژهەڵاتی ناڤیندا و، بەر لەهەموویان، قورسایی بەریتانیای مەزن و ئەمریکا، بۆسەر عێراق و ئێران، بە هاوئاهەنگی ترکیا، لەڕێی پەیمانی بەغداوە، بەرەو سوکبوون دەچێ. کاژێک لەم بارەیەوە هومێدێکی وای نەبوو، کە خێرێک بۆ کورد، لەڕێی ڕژێمی نوێی عێراقەوە بەسەرکردەیەتیی قاسم بێتەدی. ڕاستییەکەشی ئەوەبوو، دەستپێکی نوێ بۆ پێوەندی نێوان کورد و عەرەب، لەپێکهاتەیەکی دەستکرد بەولاوە چیدی نەبوو. لەگەڵ ئەوەشدا، عێراقی قاسم لەپەیمانی بەغدا هاتەدەرەوە، هەروەها دیناری عێراقیشی لەسیستەمی دراویی بەریتانیایی جیاکردەوە.

کاتێک کە بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی کورد لە عێڕاقدا شێوەی شۆرشێکی بەخۆوەگرت، کە بەشۆرشی ئەیلوول ناسراوە، کاژێک پشتگیریی کرد، ئەگەرچی هۆشیاریی ئەوەشیدا کە هەڵبژاردنی کاتەکەی هەڵەیە. ئەمجا عەرەبە ناسیۆنالیستەکان کودەتایەکیان کرد، کە لەوەدا قاسم کوژرا و، دوای ئەوەش، سووریای دراوسێی عێراقیش کەوتە ژێردەستی ناسیۆنالیستە عەرەبەکان. لەوکاتەوە، بەگژیەکداچوونی دەوڵەتە عەرەبەکان و عەرەبەکان و ئیسرائیل هەتادەهات توندوتیژتر دەبوو. ئەمەش بوو بەهۆی ئەوەی شۆرشی ئەیلوول کە مەلا مستەفای بارزانی سەرکردەیەتیی دەکرد و، کاژێک بەشداربوو تێیدا، وەک جەنگێکی گوێپێنەدراو، لەبیر چووەوەی لێبێ.

شەڕی ئیسرائیل و فەلەستین ، کە چەند جەنگێکی یەکبەدوایییەکیدا لێبووەوە و، ئەو وتووێژانەی کە لەبارەیانەوە کران، سەرنجی دەزگە ڕاگەیاندنەکانی جیهانیان بەتەواوی بەرەوخۆیان ڕاکێشا. لەمەش پتر، کاتێک ئەو نەوتەی بەدەستی دەوڵەتە عەربەکانەوەیە، وەک چەک بەکارهێنرا، ڕۆڵێکی زۆر کارایان گێرا، بەتایبەتی، چونکە ئەو وڵاتانەی دەوروبەری **"کەنداوی فارس"ن**، کە ئێرانیش یەکێکە لەوانە، بەشدارییان لەگەمارۆ خستنەسەر ناردنەدەرەوەی نەوتداکرد. لێ، **وەزیری دەرەوەی ئەوکاتەی ئەمریکا، هێنری کیسینجەر،** توانی ئەو دەوڵەتانە دابینبکات کە بگەڕێنەوە نێو **ئۆپێک** و، وازلەوە بهێنن کە گەمارۆدانی ناردەسەر OPEK دەرەوەی نەوت وەک چەک لەشەڕی ئیسرائیل_فەلەستیندا بەکارببەن، چونکە لەسەر ئەوە ڕێککەوتنکرا کە نرخی نەوت هەروەک خۆی بەبەرزی بمێنێتەوە و دانەشکێ.

ئەوجا عێراق کە لەسەر شانۆی دەوڵەتە عەرەبەکاندا ئەکتەرێکی گرنگە، بەخشیشێکی تایبەتی پێدرا. ئەمەش ئەوەبوو کە لەمارتی ١٩٧٥ دا، لەسەروبەندی کۆنفرانسی ئۆپێکدا کە لەوڵاتێکی عەرەب **(جەزائیر)** بەسترا. پاش ماوەیەک توندوتیژی لەنێوان سەددام حسێن و شای ئێراندا، **پەیماننامەی جەزائیر** ڕێکخرا، کە ئەنجامەکەی کوێرەوەری و بەشمەینەتییەکی گەورەبوو بۆ کورد. کەچی هەردوو

زلهێزەکە (ئەمریکا و سۆڤێت) کە لەوکاتەدا خەریکی ئامادەکردنی یەکەمین کۆنفرانسی **"زێرەڤانی و هاوکاریی لەئەورووپادا" (KSLE)** بوون کە لەهێلسنکی لەمانگی تەمووز/ئابی ١٩٧٥ دا بەسترا، قوڕوقەپیان لەپەیمانی جەزائیر کرد. چۆنکە، گرنگتر لەبارودۆخی ماڵوێرانی کورد، بۆ ئەوان، رازیکردنی دڵی عەرەب و لەیەکگەیشتنی دەوڵەتە خاوەن نەوتەکان بوو، کە نەوتیان بەرێکوپێکی دەنارده دەرەوە و بازرگانیی زلهێزەکانیان تێکنەدەدا.

کاتێک دەوڵەتە عەرەبەکان کێشەی عێراقی دەستەخوشکیان کرد بەکێشەی خۆیان، ئەوەدەمە لێبڕان (تنازل)ی شای ئێران لەجەزائیر بۆ سەددام، لێبڕانێک بوو بۆ هەموویان. ئەوەش بە دەستبەجێ برینی یارمەتیی لەو کوردانەی کە لەکوردستانی عێراقدا دژی بەغدا لەشەڕدابوون، کە ئەمەش بەشێوەیەکی چاوەڕواننەکراو هەرەسی بەشۆڕشی ئەیلوول هێنا، ئەو شۆڕشەی کە تەمەنی گەیشتبووە سیانزە ساڵ.

سەددام حسەینیش لەلایەن خۆیەوە لێبڕانی لەبارەی ئاوەڕۆی شەتولعەرەبەوە، خستەڕوو، کە ئەمەش بۆ ئێران دەستکەوتەکی یەکجار گەورەبوو. هەرچەندە کیسەنجەر بەجارێک نکوولی دەکات لەوەی هیچ دەورێکی بووبێ لەهاتنەکایەی پەیمانی جەزائیردا، بەڵام شوێندەستی کیسەنجەر لەپێکەوەلکاندنی ئێران و دەوڵەتە عەرەبەکاندا، بەلایەنی کەمەوە بۆ ماوەیەک، لەپێناوی خزمەتگەیاندن بە ئیسرائیل، لەم کاتەدا دیارە.

**ئەوەبوو شا دەستبەجێ کەوتە هەوڵدان بۆ ئاشتی نێوان ئیسرائیل و دەوڵەتە عەرەبەکان، بەتایبەتی میسر، لێ کەوتنی رژێمی ئێران لەپڕ و بەشێوەیەکی چاوەڕواننەکراو و، بەپاساوی ئاین، کە لەکرۆکدا دژبە ئیسرائیل و ئەمریکا بوو و، تائێستەش هەروایە، کۆتایی بەو هاوکارییە کورتخایەنەی ئەمریکا و رۆژهەڵاتی ناڤین هێنا، وەک لەپەیمانی جەزائیردا دارێژرابوو.**

ئەوجا، چۆن زلهێزەکان، هیچ دەنگێکیان لێوەنەهات بەرامبەر پەیمانی ١٩٧٥ی جەزائیر، هەر ئاوهاش هیچ هێزێک لەم جیهانەدا پشتگیری داخوازی خڵکی کوردستانی ئێرانی نەکرد، کاتێک کە رژێمی تازە دامەزراوی ئێران دژ بە ئۆتۆنۆمییەکی سادەی کوردەکان لەسنووری ئێراندا وەستا.

رێبەری شۆرشی ئیسلامیی ئێران (خومەینی)، لەباتی ئەوەی ماف بدا بەکورد، کوردی بە**"شەیتان"** دایە قەڵەم. ماوەیەکی کورت دوای ئەوە، **"دەوڵەتی خوا"ی خومەینی** هەلی بۆ هەڵکەوت، کاتێک سەددام جەنگی لەدژی ئێران هەڵگیرساند بۆ پاشگەزبوونەوە لەبەڵێنەکانی کە بەپێی پەیماننامەی جەزائیری ١٩٧٥دا بوونی بەشا. خومەینی ئەم جەنگەی بە **"خێرێکی خوایی"** دانا، بۆ ئەوەی پاشماوەی بەربەرەکانیکەرانی دژ بە رژێمەکەی لەئێراندا سەرکوت بکات.

لەساڵانی جەنگی ئێران - عێراقدا (١٩٨٠-١٩٨٨) کورد لەهەموو بەشەکانی نیشتمانەکەیاندا هێندە تەنگاوکرابوون کە نزیکبوون لەمەترسی تەفروتوونە بوونەوە. هەرلەم ساڵانەشدابوو کەسەردەمی بەستەڵەک لەترکیا کەلێنی تێکەوت و، بەرخۆدان لەکوردستانی ترکیا سەرلەنوێ کەوتەوە سەرپێی. کوردەکانی ترکیا، لەوکاتەوە، هەموو جۆرە هەوڵێکیان داوە، چ لەداخوازیی سەربەخۆییەوە تا دەگاتە رازیبوون بەمافی خوێندن و نووسین بەزمانی کوردی، بێ ئەوەی تائێستە هیچ جۆرە مافێکی راستینەی خۆیان دەست کەوتبێ.

پاش پەیماننامەی جەزائیر، کوردەکانی عێراق لەمارتی ١٩٧٥ەوە تا نیسانی ٢٠٠٣، بیستوهەشت ساڵی تەواویان لەژێر دیکتاتۆریێتی و تێرۆری رژێمی بەعسدا بردەسەر.

کەلەم ماوەیەدا، تەنانەت بە چەکی کیمیایی گەلکوژیکرا لێیان، کە لەمەشدا زلهێزەکان یارمەتیدەری سەددام حسێن بوون. سەددام حسێن نازداری ئەمریکا بوو لەسەردەمی جەنگی ئێران و ئێراقدا. پاش ئەوەی فەرمانڕەوایی تۆقێنەری کۆتاییپێهێنرا، کوردەکان هیوایان وابوو کە ئێدی بتوانن بەئاشتی و ئارامی بژین، بەیارمەتی ئەمریکا. بەڵام ئەوەتە دەرکەوت کە ئەمریکا و دەوڵەتە دەسەڵاتدارەکانی دی (بە تەواوی، وەک ئەو دەوڵەتانەی فەرمانڕەوای کوردستانن) دیسانەوە پشتگیریی پاراستنی سنوورە دەستکردەکان و فەرمانڕەواییە دەستکردەکان لەم دەوڵەتانەدا دەیکەن.

ئەوەی ماوە کە بەکورتی بگوترێ ئەوەیە کە کاژێک لەبنەڕەتەوە راست بۆی چووبوو، کە سەربەخۆیی کوردستانی کردبوو بەئامانج و ئێستەش هەرلەسەر ئەوە ماوە، چۆنکە هەموو چارەسەرەکانی دی بەکردەوە بێ ئەنجام دەرچوون.

**پاش ئەم هەمووە (پەنجاساڵی یەکەمی سەتەی بیستەم، بە بارمتەگیراوی و، پاش ئەوەش پەنجاساڵی دیکە بە بارمتەگیراوییەکی نێونەتەوەیی، بەشێوەیەکی دڕندانە هەڵسوکەوت لەگەڵکراو) و پاش ئەو هەموو قوربانییەی کە کورد داویانە، ئێستە کاتی ئەوە هاتووە کەهەموو لایەک تێبگەن کە لەماوەیەکی درێژخایەندا، لەبەرژەوەندی هەموولایەک دەبێ، کەئەم گەلە پێشکەوتنخوازە، کە بەکردەوە دەرکەوتووە لەباری رامیارییەوە کراوە و ئامادەی وتووێژە لەگەڵ دراوسێیەکانی و رێکەوتنە لەگەڵیان، مافی برینەوەی چارەنووسی خۆی بەتەواوی بگرێتە دەست. هیوام ئەوەیە کە ئەمجارە جیهانی بەرچاوڕوون یارمەتی کورد بدەن. ئێدی لەسەر خوا و هەربژی کورد و کوردستان.**

## پەیامی
## هەندازیار برووسکە ئیبراهیم
## بەرپرسیاری پێوەندییەکانی دەرەوەی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان



**خوشکوبرایانی بەڕێز!**

**هاوبیرانی خۆشەویست!**

سڵاوێکی گەرمتان لێدەکەم و بەخێرهاتنتان لێدەکەم بۆ کۆبوونەوەی شەشەمی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان. هەر بەم بۆنەوە، پیرۆزبایی ڕۆژی دامەزراندنی **"کاژیک" (کۆمەڵەی ئازادی و ژیانەوە و یەکێتیی کورد)** لە هەمووو هاوبیران دەکەم، کە لەڕۆژی ١٩٥٩/٤/١٤ دا دامەزرا.

کاتێک پێش پەنجاساڵ ڕێکخراوی کاژیک دامەزرا، یەکەم جار بوو لەپاش ڕووخانی کۆماری کوردستان لەساڵی ١٩٤٧، ڕێکخراوێک دروست بێت کە بانگەوازی سەربەخۆیی کوردستان بکات و، داوای دەوڵەتی کوردیی بکات. ئەوە لاکاتێکدا بوو کە هەموو حیزبە کوردییەکان تەنیا باسی مافی کولتووری و برایەتیی گەلی کورد و گەلانی ئەو وڵاتانەیان دەکرد کە کوردستانیان داگیرکردووە و، دژی بیری سەربەخۆیی بوون. هەر لەبەر ئەوەش دژایەتیی کاژیکیان دەکرد، چۆنکە کاژیک ڕێکخراوێکی نەتەوەیی بوو و، نۆکەرێتیی هیچ لایەکی نەدەکرد. هەر ئەو حیزبانەشن کە ئەمرۆکەش لەباشووری کوردستان، لەبەشێکی بچووکیدا دەسەڵاتیان بەدەستە و، دژایەتیی بیری نەتەوەیی و سەربەخۆیی کوردستان دەکەن.

لەباشووری کوردستان، لەپاش شەڕی جیهانیی دووەمەوە چەند جارێک هەل بۆ گەلی کورد هاتووەتە پێشەوە بۆ گەیشتن بە سەربەخۆیی و دەوڵەتی کوردیی، کە گرنگترینیان لەساڵی ١٩٩١ پاش شەڕی کوێت، هەروەها لەساڵی ٢٠٠٣ پاش ڕووخاندنی ڕژێمی بەعسی سەددام ڕوویاندا. بەڵام لەبەر نەبوونی ستراتیژێکی نەتەوەیی و زاڵبوونی بیری عێراقچێتیی بەسەر حیزبەکانی دەسەڵاتدار و، بەرژەوەندیی تەسکی حیزبایەتیی، نەتوانرا ئەو هەلانە بۆ بەرژەوەندیی گەلی کورد بەکار بهێنرێت. هەر بەووەشەوە نەوەستان، هاتن، دەستیان کرد بە پرۆپاگەندەی دروستکردنی عێراقی نوێ و، پێکەوە ژیانی ئارەزوومەندانە لەگەڵ گەلانی عێراقدا. ئەمە لە پاش ئەوەی کە، گەلی کورد لە هەموو تەمەنی عێراقدا لە کوشتن و ئەنفال و کیمیاباران و کاولکردنی کوردستان زیاتر هیچ خێرێکی لێنەبینیوە. لەپاش ئەم هەموو تاوانانەی حکوومەتە عەرەبییەکانی عێراق بەرامبەر بە کورد ئەنجامیاندابوو، حیزبە کوردییەکان چوونە بەغدا و لەگەڵ دۆستە عەرەبەکانیان دەوڵەتی عێراقی ڕووخاویان زیندوو کردەوە.

کاتێک کە شەڕی جیهانیی دووەم بەهۆی نازییە ئەڵمانەکانەوە دەستیپێکرد، نووسەری بەناوبانگی ئەڵمانی **بێرت برێخت** ڕوودەکاتە ئەو ئەڵمانانەی کە نازییەکانیان هەڵبژارد و دەڵێ:

**تەنیا حەیوانە گەمژەکان**

**دەگەڕێن بۆ قەساوی خۆیان**

چۆنکە ئێستا بۆ هەموان دەرکەوت کە عەرەبی عێراق بە شیعە و سوننەیانەوە باوەڕیان نە بە دیمۆکراتی هەیە و، نە بە مافی گەلان و، هەوڵدەدەن ڕژێمێکی تۆتالیتێری تازەی وەک سەردەمی سەددام دروست بکەنەوە.

دەوڵەتی کوردی خەون نییە، بەڵکو دروستکردنی عێراقێکی فیدراڵی خەونە و، هیچ کاتێک نایەتەدی. چۆنکە زۆربەی کۆمەڵە و حیزبە عەرەبییەکانی عێراق، ئێستاش وەکو ١٤٠٠ ساڵ پێش ئێستا بیردەکەنەوە، وەکو ئەو سەردەمە بیر دەکەنەوە کە ناویان نابوو "سەردەمی جاهلی"، (سەردەمی نەزانی)، کە پاش داگیرکردنی وڵاتانی دیکە، بەناوی ئیسلامەوە، کولتووری **"جاهل"** بیان بڵاوکردەوە. کەی لە کوردستاندا سەربڕین و، ژنکوشتن بەم جۆرەی ئێستا کە لە باشووری کورستاندا هەیە، هەبووە؟ ڕەنگە ئەم نەزانییەی ئێستا لەوەی پێش ١٤٠٠ ساڵ زۆر خراپتر بێت.

دەوڵەتی بەناو عێراقی تازە، هەوڵدەدات لەگەڵ وڵاتانی داگیرکەری کوردستان، وەک تورکیا و ئێران ڕێککەوتن ئەنجامبدات. هەموو ڕۆژێک هێزەکانی تورکیا و ئێران تۆپبارانی کوردستان دەکەن، بێئەوەی حکوومەتی عێراق دەنگی لێبێت. حکوومەتی هەرێمی کوردستانیش لەبەرامبەر هێرشەکانی ئێران و تورکیا قورەقەپی لێکردووە. بەمەشەوە ناوەستن، بەڵکو سەرکردەی حیزبە دەسەڵاتدارەکان سەردانی تاران و، ئەنکەرە دەکەن و، ڕژێمە شۆڤێنیستەکانی ئێران و،

تورکیا بەدۆستی کورد دەدەنە قەڵەم، هەروەک چۆن دەستیان کردە ملی سەددام، ئەمڕۆش دەستدەکەنە ملی ئەحمەدینژاد و عبدالەگوڵ.

لێرەدا ئەو هۆنراوەی **شاعیری گەورەی کورد پیرەمێرد** پڕ بەپێستی خۆیەتی کە لە پاش شەڕی **"بەردەرکی سەرا"** لە سلێمانی لەساڵی ١٩٣٠ لەبارەی چوونی شاندێکی کورد بۆ بەغدا دایناوە کە لە شاندی پارتە کوردییەکانی ئەمڕۆ دەچن.

**ئەمەش هۆنراوەکەی پیرەمێرد:**

**وەفدی کوردستان، میللەت فرۆشان**
**هەرزەوەکیلی شاری خامۆشان!!**
**چەپکێ لە گوڵەکەی، باخەکەی سەرا**
**کە بە خوێناوی لاوان ئاو درا**
**بیبەنە خزمەت عەرشی عێراقی**
**بڵێن یار باقی و هەم سوحبەت باقی**
**پەردە و تارای سوور بەرن بۆ ئەمیر**
**بڵێن پاش کوشتار، هێشتا تۆی دڵگیر**
**دەک خەجاڵەت بن لەڕووی مەحشارا!!**
**ئێمە خاکی خەم ئەکەین بەسەرا**
**ئێوەش ئەو عەرشی بە خوێن گوڵ ڕەنگە**
**سوجدەی بۆ ئەبەن هیچ ناڵێن نەنگە**
**کورد نەمردووە، خەیاڵتان خاوە**
**بەراتی نەجات بە خوێن نووسراوە**
**من ڕەنگی سوورم بۆیە خۆش ئەوێ**
**مژدەی شەفەقی لێ دەست ئەکەوێ**

بۆ گەلی کورد دەرکەوتووە کە ئەم حیزبانەی ئێستا لە باشووری کوردستاندا دەسەڵاتی خۆیان بە یارمەتیی هێزی چەکداریانەوە چەسپاندووە، بەهیچ جۆرێک نوێنەرایەتیی گەل ناکەن. ئەو حیزبانە هەتاکو ئێستا لەبەر بەرژەوەندیی تەسکی خۆیان نەیانتوانیوە دەستوورێک بۆ هەرێمی کوردستان دابنێن و، بێگومان، بەبێ دەستوور هیچ کاتێک دیمۆکراتی دروست نابێت. ئەوجا لەبەر ئەوەی کە سیستەمی دیمۆکراتی لە بەرژەوەندیی ئەو حیزبانەدا نییە. ئەمانە نە بە تەنگ دەستوورەوەن و، نە بە تەنگ پەرلەمانە حیزبییە کارتۆنییەکیانەوەن.

سەبارەت بە دیپلۆماسیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، پێویستە بگوترێت، کاربەدەستانی هەرێم لەم بوارەشدا پێشانیانداوە کە ناکارامە و، نەشارەزان. چۆنکە دیپلۆماسیی مانای وایە هەردوو لایەنی گفتوگۆ هەوڵدەدەن زۆرترین بەرژەوەندیی خۆی بپارێزێ. دیپلۆماسیی مانای خۆبەکەمزانین و نۆکەرایەتیی نییە. دیپلۆماسیی ئەوە نییە بڵێی دەوڵەتی کوردی خەونی شاعیرانە و، هاوکات داوای دەوڵەتی فەلەستینی بکەن. ئەمە نۆکەرێتییە و، هیچ لایەکیش پاداشی ئەمە ناداتەوە...

بۆ گەلی کورد هێشتا هەلەکە نەچووە و، ترووسکایەکی تێدا مشبکەن بۆ وڵاتاوە، بە مەرجێک ئەو حیزبانە ڕێگە خۆشبکەن بۆ وڵاتپەروەران و، بە ستراتیژێکی نەتەوەییەوە بکەونە گفتوگۆ لەگەڵ وڵاتانی ئەمریکا و ئۆروپا و، بۆیان ڕوونبکەنەوە کە تەنیا دامەزراندنی دەولەتی سەربەخۆی کوردستان کێشەکانی نێوچەکە چارەسەردەکا و، لە بەرژەوەندیی ئەوانیشدایە، وەکو چۆن لەپاش ڕووخانی یەکێتیی سۆڤێتدا دەیان دەوڵەتی تازە دروست بوون و، زۆر لە گەلە ژێردەستەکان بوونە خزوەنی دەولەتی نەتەوەیی خۆیان، چۆنکە هەر لەسەرەتاوە خەباتیان بۆ ڕزگاریی خاکەکەیان و بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی خۆیان کرد و، سوور بوون لە سەر دیاریکردنی مافی چارەنووسی خۆیان. وەک حیزبەکانی ئێمە، خەباتی خۆیان و چارەنووسی گەلەکەیان نەبەستەوە بە وەرگرتنی ئۆتۆنۆمی و فیدراڵی و درۆشمی درۆزنانەی پێکەوە ژیانی هاوبەش لەگەڵ نەتەوەی داگیرکەریاندا. ئەگەر نەتەوەی کوردیش سووربێت لەسەر مافی چارەنووسی خۆی، بێگومان دەوڵەتی کوردی دروست دەبێ و، هیچ لایەکیش ناتوانێت ڕێی لێبگرێ.

**بژی خەباتی گەلی کورد بۆ سەربەخۆیی و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان!**

**زۆر سوپاس**

**برووسکە ئیبراهیم**
**١٨/٤/٢٠٠٩**

**گرێدانی خەباتی ڕزگاریخوازیی نەتەوەی کورد بە چوارچێوەی وڵاتانی داگیرکەری عێراق، تورکیا، سووریا و ئێرانەوە، لادانێکی ئاشکرایە بەرامبەر ئامانج و ستراتیژ و بەرژەوەندیی گشتیی نەتەوەی کورد. تاوانێکی گەورەی مێژووییشە بەرامبەر خەبات و قوربانیدانی بێئەژمار و چارەنووس و ، هەبوونی نەتەوەی کورد!**

# پەیامی خاتوون ئیرمگارد ئیبراهیم ئەندامی کۆمیتەی پێوەندییەکانی دەرەوەی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان لە وڵاتی ئەڵمانیا




**بانگەوازێک بۆ وڵاتێکی سەربەخۆی کوردستانیی!**

بەڕێزان، دۆستانی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان!
هەروەکو لەو درۆشمانەی کە لە هۆڵەکەدا چاوتان پێدەکەوێت، ئەمڕۆ لێرە کۆبووینەتەوە، بۆ ئەوەی باسی ئامانجەکانی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان بکەین کە لەساڵی ١٩٨٥ دا لە لەندەن دامەزراوە، وەک ڕێکخراوێکی ناحیزبیی بۆ دیاریکردنی مافی چارەنووسی گەلی کورد و بەدواداچوونی بەرژەوەندیی گەلی کورد لە ئاستی نێونەتەوەیی.

بیروباوەڕی سەرەکیی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان لە **"کاژیک"** ەوە دەستپێیکرد. ڕێکخراوێک کە پێش پەنجاساڵ لە باشووری کوردستان دامەزرا، بە ئامانجی ئەوەی کە گەلی کورد لە هەموو پارچەکانیدا بگاتە سەربەخۆیی.

پێش پەنجاساڵ دامەزرێنەرانی بەڕێزی کاژیک لەو باوەڕەدابوون کە گەلی کورد کە ئەوکاتە ٢٠ ملیۆن و، ئەمڕۆش زیاتر لە ٤٠ ملیۆنە، مافی ئەوەی هەیە چارەنووسی خۆی دیاریبکا و، بڕیار بدات بۆ سەربەخۆیی خۆی وەکو هەموو گەلانی دیکەی جیهان.

**مەبەستی من چییە کە دەڵێم دامەزرێنەرانی بەڕێز؟ چونکە هیچ کامێکیان بیری کاژیکیان بۆ بەرژەوەندیی خۆی، یان دەسەڵاتی خۆی، یان بۆ گەیشتن بە ئامانجێکی کەسێتیی خۆی بەکار نەهێناوە.** بەپێچەوانەوە، ئەو بەڕێزانە ئامادەبوون ژیانی خۆیان بخەنە مەترسییەوە و، ئامادەی قوربانی بوون بۆ پێشکەوتنی ڕامیاریی گەلی کورد. هیچ کامێکیان شتێکی بۆخۆی نەویستووە و، لە هیچ لایەکیش شتێکی وەرنەگرتووە. ئەمەش بە سەربەرزی دادەنرێ بۆیان. ئەوەی بۆ کوردستانیان کردووە، بە ئارەزووی خۆیان و بەرپرسیارێتیی خۆیان کردوویانە و، یارمەتی یەکتریان داوە بۆ سەرکەوتنی ئامانجی سەربەخۆیی بۆ نەتەوەکەیان. نەسەرۆکایەتیی هەبووە و، نە فەرمانبەر، تەنیا هاوڕێتی و یارمەتیدانی یەکتری ئامانجیان بووە. لەو ڕۆژانەدا، بارودۆخ گەلێک دژوار بوو بۆ خەبات و چالاکیی نەتەوەیی، سەرەڕای ئەوە، دامەزرێنەرانی کاژیک پشتیان بە هیچ حیزب و دەسەڵاتدار و هێزێکی بیانییەوە نەبەست و، تەنیا باوەڕیان بە هێزی گەلەکەیان بوو، کە دەتوانێت بە دنیای بسەلمێنێت، کە گەلی کورد مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆی هەیە. **دامەزرێنەرانی "کاژیک" وەک سەرکردەی حیزبەکانی ئەمڕۆی کوردستان بیریان نەدەکردەوە، کە دەڵێن سەربەخۆیی کوردستان خەونە و، هەل لە کیس دەدەن و دەڵێن: "تورک و عەرەب و فارس برایانە!".**

ئەم سەرکردە کوردانە کە بەم چەشنە بیردەکەنەوە کۆنەپەرست و دواکەوتوون و، هەروەکو دوژمنەکانی کورد بیر دەکەنەوە و، ئەو ڕاستییە وەرناگرن کە لەپاش جەنگی دووەمی جیهانی بەملاوە، بەدەیان نەتەوەی بندەست بەسەربەخۆیی گەیشتن و دەوڵەتی خۆیانیان دامەزراندووە و، ئێستاش لەلایەن کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بەفەرمیی دەناسرێن. ئەم سەرکردانە ئەو ڕاستییە وەرناگرن کە ئەوانەی دژایەتیی مافی

چارەنووسی گەلان دەکەن، خۆیان لەپاشەڕۆژدا دەیدۆڕێنن.

ڕژێمەکانی تورکیا و ئێران و سووریا بووجەیەکی زۆر سەرف دەکەن بۆ چەوساندنەوەی گەلانی بندەستیان، هەر لەبەر ئەمەشە ناتوانن پێش بکەون و، گەشەی ئابووریی بە وڵاتەکانیان بدەن. چەکێکی زۆر دەکڕن، بۆ ئەوەی بەشێکی وڵاتەکەیان وێران بکەن و شەڕی بێوچان دەکەن بەرامبەر بە بەشێک لە دانیشتوانەکانی کە بە دوژمن ناویان دەبەن، چۆنکە دژی یەکسانیی گەلەژێردەستەکانن. ئەو ڕژێمانە لەو ڕاستییە تێناگەن، کە ڕێککەوتن بەیەکسانیی دەبێت و، هەرلایەک بە سەربەستیی بڕیاری کارەکانی خۆی دەدات، هەروەکو ئەندامەکانی یەکێتیی ئۆروپا، کە دەتوانن پێکەوە کاربکەن بۆ بەرژەوەندی و خۆشگوزەرانی هەموو لایەنەکان.

هێژای گۆتنە، سەرۆکە سیاسییەکانی ئۆروپا کۆنەپەرستانە بیردەکەنەوە کە لەو باوەڕەدان، کە ئەو گەلانەی هەتا ئێستا دەوڵەتی نەتەوەیی خۆیان نەبوو، ئێستاش پێویست ناکات دەوڵەتی خۆیان هەبێت. لەکاتێکدا باشدەزانن کە خۆیان چەند خراپەیان لەگەڵ نەتەوە ژێردەستەکانی ئەو وڵاتانەدا کردووە، کە پێشتر کۆلۆنی خۆیان بوون. لەپێناو بەرژەوەندیی خۆیاندا، یارمەتی هەندێ وڵاتیان داوە بۆ ئەوەی سیستەمی دیکتاتۆریی دامەزرێنێ و، تا ڕۆژی ئەمڕۆش یارمەتییان دەدەن.

ئەگەر هەموو نەتەوەکان مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان هەبێت هەر بەوشێوەی لە جاڕنامەی گەردوونی نەتەوە یەکگرتووەکاندا دیاریکراوە، ئەوکاتە دەتوانن بڕیاری بەستنی ڕێککەوتن بە ئازادی بدەن بۆ پێکەوە ژیانێکی ئاشتییانە لەتەنیشت یەکەوە... ئەگەر کورد مافی چارەنووسی خۆی دیارییکا و بگاتە سەربەخۆیی، ئەوا خۆی بەتەنیا سوودی لێ نابینێ، بەڵکو سوودی بۆ هەموو ئەوانەش دەبێ کە یارمەتییان داوە.

**هەڵبەستڤانی بەناوبانگی کورد ئەحمەد هەردی** کە یەکێک بوو لە دامەزرێنەرانی "کاژیک"، بە گەلی کوردی ڕاگەیاندووە کە چ مانایەکی هەیە ئەگەر هەل لەکیس بدەیت بۆ گەیشتن بە سەربەخۆیی!

**هۆنراوەکەی ئەحمەد هەردی دەڵێ:**

**بەدەستی خۆت کە جامت خستە سەرلێوت غەشیمانە**

**ئەگەر زەهریشی تێدا بوو، گوناهی خۆتە بیزانە**

**هەڵە یا خود گوناهت کرد، لە کاتێکدا کە بێهۆشی**

**سزا و تاڵاوی هەرچی بێ، ئەبێ وەک بادە بینۆشی**

**ئەگەر پیاویت و ئەیزانی، کە وا ئۆباڵی کردارت**

**لە ئەستۆی وردی خۆتایە، ئیتر بێ سوودە هاوارت.**

ئەمە مانای چییە بۆ کورد؟ گەلی کورد خۆی بەرپرسیاری پاشەڕۆژی خۆیەتی ئەگەر ڕێگەکەشی زۆر سەخت بێت. گەلی کورد بەهیچ جۆرێک نابێ قوربانیدان و کۆمەڵکوژییەکانی کە لەپێناو سەربەخۆییدا بەختیکردووە و، بەسەریهاتوون لەبیربکات. نابێت باوەڕ بە گفتوبەڵێنی دوژمنەکانی کۆنی بکات. نابێت هیچ کاتێک دژی یەکدیی شەڕبکەن و، یەکتری بچەوسێننەوە. هەروەکو ئەڵمانەکانی سویسرا پێش ٧٠٠ساڵ کە خەباتیان دەکرد بۆ ئازادی و سەربەخۆیی. گەلی کوردیش دەبێ، پێکەوە ئەو سوێندەی ئەوان بخۆن کە دەڵێن:

**"ئێمە دەمانەوێت گەلیکی یەکگرتوو و یەکسان بین – وەک برا. هیچ گیروگرفتێک و چەوساندنەوەیەک ناتوانێ لەیەکمان جیاکاتەوە."**

هەروەکە شاعیری بەناوبانگی ئەڵمانی **"فریدریخ شیلر"** لە دراماکەیدا **"ویلهێلم تێل"** باسیدەکات، لەو ڕۆژانەدا خەڵکی سویسرا چەند هەزار جۆتکارێک بوون لە شاخەکاندا و دوژمنەکەیان شای ئەڵمانیا بوو کە لەزەمانی خۆیدا یەکیک بوو لە زلهێزەکانی ئەو زەمانە، لەگەڵ ئەوەشدا جۆتکارەکانی سویسرا توانییان بەسەریدا سەرکەون و بەسەربەخۆیی بگەن.

**بۆچی دەبێت ئێوەی کورد سەرنەکەون؟ گەلی کورد زیاتر لە ٤٠ ملیۆنن، دوژمنەکانتان زۆر کۆنەپەرست و دواکەوتوون، بەڵام ئێوە بە پێچەوانەی ئەوانەوە، خاوەنی کولتوورێکی پێشکەوتوانە و، بیروباوەڕێکی هاوچەرخانەن. ئێوە سەردەکەون لە خەباتتاندا بۆ مافی چارەنووس و ئازادی و سەربەخۆیی.**

**بژی کورد و کوردستان**

**ئیرمگارد ئیبراهیم**
**١٨/٤/٢٠٠٩**

## پەیامی هاوبیر ئازاد مافکۆ نوێنەری کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان - ڕۆژهەڵات

-------------------------------------




### هاوبیرانی هێژا
### میوانە بەڕێزەکان!
### سڵاوی ئازادی و سەربەخۆییتان لێبێت

بەڕێزان، کۆنگرەی (٦) ی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان، لەکات و ڕۆژانێکدا دەبەسترێت، کە ڕۆژهەڵاتی ناڤین بەگشتی و کوردستان بەتایبەتیی، بە قۆناخێکی گەلێک هەستیار و چارەنووسسازدا تێپەردەبێت. لە ئەفغانستان، شەڕ و لێکدانی توند و خوێناویی لەنێوان چەکدارەکانی تاڵەبان و، هێزەکانی ناتۆ ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ لەپەرەسەندندایە. سەرهەڵدانی شۆڕشی جەماوەریی بەبیروباوەڕی بنچینەگەرێتیی ئیسلامییەوە، لە پاکستانی خاوەن چەکی ئەتۆمییەوە لە ئان و ساتدایە. ئەوەش ترس و پەژارەی خستووەتەدڵی وڵاتانی جیرانی وەک هێندستان و ڕووسیا و هەموو وڵاتانی ڕۆژئاوە. چارەنووس و داهاتووی عێراق، سەرەڕای لەشکرکێشیی وڵاتانی هاوپەیمان و لەنێوبردنی ڕژێمی بەعسی عێراق و، هەڵواسینی سەددام حسێن، هێشتا ئاڵۆز و نادیار و تاریکە. دەستێوەردان و پیلانگێڕیی ڕژێمی ئیسلامیی ئێران، لە وڵاتانی عێراق و ئەفغانستان و لوبنان و فەلەستین و شوێنەکانی دیکە، بارودۆخی ئەو وڵاتانە و، بەگشتیی بارودۆخی ڕۆژهەڵاتی ناڤینی تووشی قەیران و ئاڵۆزیی سیاسی کردووە. ڕژێمی ئێران هەروەها بە خۆنێزیککردنەوە لە چین و ڕووسیا و هێندێک وڵاتی دژ بە ئەمریکا، لەساڵانی ڕابوردوودا توانیویەتی سیاسەتی دژایەتیکردنی ئەمریکا و، پرۆژەی دامەزرانی ئیمپراتۆریی شیعە و، ستراتیژی داگیرکەرانەی لەنێوچەکە بباتە پێشەوە...

وەک دەزانین، سەرهەڵدانی ئەم بارودۆخەی ئەمڕۆ، کە جیهان بەگشتی و ڕۆژهەڵاتی ناڤینی پێداتێدەپەڕێت، چاوکانییەکەی دەگەڕێتەوە بۆ هەرەسهێنانی یەکێتیی سۆڤێت لەکۆتایی سەدەی ڕابوردوودا. ڕووخانی یەکێتیی سۆڤێت بە یەکێک لە ڕووداوەکانی مێژووی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیی دەژمێردرێت. چۆنکە جگە لەوەی کە ئەمریکای کردە تاکەزلهێنز و سەرقافڵەی دنیای تاکجەمسەریی، هەروەها، لەگەڵ ڕووخانی یەکێتیی سۆڤێت، شەپۆلێکی گەورەی ئازادیخوازی و بیری ڕزگاری و نەتەوەیی بەپانتایی هەموو جیهان سەریهەڵدا و، لە ئەنجامیدا بەدەیان نەتەوەی بندەست، بەرزگاری و سەربەخۆیی گەیشتن و دەوڵەتی نەتەوەیی خۆیانیان دامەزراند. تەوژمی شەپۆلی گۆڕان، ڕۆژهەڵاتی ناڤینیشی گرتەوە و، بناخەی ڕژێمەکانی دیکتاتۆر و دژ بە ئازادیی وەکو حکوومەتی بنچینەگری تاڵەبانەکان لە ئەفغانستان و، ڕژێمی خوێنخۆری بەعسی عێراق بەسەرۆکایەتیی سەددام حسێنی، لەبەریەک هەڵتەکاند.

ئەم بارودۆخە نوێیە،دنیای بەرەو ململانێیەکی نوێ ڕاکێشکرد، ئەویش شەڕ و ناکۆکییە لەنێوان دنیای ئازاد و، بیری فۆنامێنتالیستی ئیسلامی و، تێرۆر و دیکتاتۆرییە. لەم نێوەدا، ڕژێمەکانی داگیرکەری کوردستان، بەپێی نێوەرۆکی دیکتاتۆری و ڕەگەزپەرستانەیان، سەرەڕای هەموو ناکۆکییەکانی نێوانیان، لەیەکدی نێزیک بوونەوە و، پێکەوە هەوڵی ئەوەیاندا لەئاستی نێوچەکەدا، شکست بە پرۆژەی بەدیمۆکراسیکردنی نێوچەکە بهێنن کە لەلایەن ڕۆژئاواوە بە **"دارشتنی نوێی جیهان"** نێوناسکرابوو. ئەوەبوو، لەنێوخۆی وڵاتەکانیاندا، بەبیانووی پاراستنی یەکێتیی خاکی وڵات و، شەڕی تێرۆر و ... هتد، دەستیانکرد بە گرتن و شکەنجەدان و، لەسێدارەدانی ڕۆشنبیران و، ئازادیخوازان و، لە کوردستانی بندەستیشیاندا، گەڕێکی زیاتریان دا بە سیاسەتی سەرکوت و تۆقاندن. بەهەزاران ڕۆشنبیر و ئازادیخوازی کورد لەهەموو بەشەکاندا ڕەوانەی شکەنجەخانەکانی ڕژێمەکانی داگیرکەر کران... داگیرکەرانی کوردستان نەیاندەویست گۆڕانکارییەکانی نوێی جیهان وڵاتەکەیان و، کوردستانی بندەستیان بگرێتەوە، بەڵام، سەرەڕای هەموو سانسۆڕ و سەرکوتێکی دڕندانەیان، شەپۆلی گۆڕانی زانست و ئازادیخوازیی، لەئاسمانەوە دابارییە سەر وڵاتانی ژێر چەپۆکیان و، تێکنۆلۆژیای ڕاگەیاندن، بەتایبەتیی لەبواری ئینتەرنێت و تەلەفزیۆنی ئاسمانیی، کردنەوەی کەناڵی تەلەفزیۆنی کوردی لەدەرەوەی وڵات و، سازکردنی دەیان

ڕۆژنامه و گۆڤار و ماڵپەڕی سەربەخۆ لەلایەن نیشتمانپەروەرانی کوردەوە، بەتێکڕا بوونە هۆی دەستپێکردنی ڕێنێسانس و بزووتنەوەیەکی ڕۆشنبیریی – نەتەوەیی لەنێو جەماوەری کورد بەگشتی و چینی ڕۆشنبیر و خوێندەواری کورد بەتایبەتیی. بەرە بەرە، شارەکانی کوردستان لە ڕۆژاڤاوە تاکو باکوور و ڕۆژهەڵات، بوون بە نێوەندی چالاکیی هونەری و چاندی کوردی و چالاکیی سیاسی و ڕۆشنبیریی.

ئەم ڕەوتی گۆڕان و پێشڤەچوونە بەلایەنی پەرەسەندنی هۆشیاری نەتەوەیی و بیروباوەڕی نەتەوەیی لەنێو چینی خوێندەوار و ڕۆشنبیر و جەماوەری کورد لە باکوور و ڕۆژهەڵات و ڕۆژاڤای کوردستان ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ لە گەشە و پەرەسەندندایە. بەهۆی ئازادبوونی باشێکی زۆر لەخاکی باشووری کوردستان لەماوەی ١٧ساڵی ڕابوردوودا و،بوونی دەسەڵاتدارێتیی کورد لەو بەشە، چاوەڕوانیی ئەوە دەکرا، جاڕی ئازادی و سەربەخۆیی بە گوێی هەموو جیهان بگەیەنێت، بەڵام نەتەنیا ئەوە نەکرا، بەڵکو نەیتوانیوە بەو ڕادە و ئاستە لە هۆشیاری سیاسی و نەتەوەیی و خەباتی جەماوەرییە بگات، کە بەشەکانی دیکەی کوردستان لەژێر چەپۆکی ڕژێمەکانی ڕەگەزپەرست و داگیرکەردا پێیگەیشتوون. بێگومان هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ سیاسەتی بەرژەوەندخوازی و پاوانخوازی و دزی و گەندەڵیی دەسەڵاتدارانی، کە بوونەتە هۆی بێزاریدەربڕینی بەرامبەر سیاسەت و کوردایەتی و ناهومێدییەکی زۆر بەرامبەر داهاتوو و چارەنووسی سیاسیی خۆیان. لەبەر ئەوە، نەتەوەییەکان و ئازادیخوازانی گەلەکەمان لە باشوور، ئەورۆکە بەرەورووی دوو کێشەی گەورە بوونەتەوە. لەلایەک دەبێ هەوڵی لەنێوبردنی گەندەڵی و بەدێمۆکراتیزەکردنی دەسەڵاتدارێتیی خۆیی بدەن، لەلایەکی دیکەشەوە، بەربەرەکانێی سیاسەتی داگیرکاریی عێراقی نوێ بکەن، کە دەیەوێت سەرلەنوێ دەسەڵاتی نگریسی خۆی بەسەر گەلی کورددا داسەپێنێتەوە.

لەرۆژهەڵاتی کوردستانیش، جەماوەری کورد بەگشتیی، بەهۆی جیابوونەوە و، دابڕان و، شەڕ و ناکۆکیی نێوان حیزبەکانییەوە، بڕوا و متمانەی بە حیزبەکانی نەماوە. قووڵبوونی ناکۆکیی شەخسیی نێوان حیزبەکان بەرادەیەکە،

چونکە لە نەتەوە و وڵات دابەشکراوێکی وەک کوردستان، کە چین وتوێژەکانی وەک خاکەکەی دابەش وپارچە پارچەکراون، هیچ حیزب ورێکخراوەیەک ناتوانێ خۆی بەنوێنەری ڕاستینەی هیچ چین وتوێژێکی کوردەواریی بزانێت، تا ئەوکات کوردستان ڕزگاردەبێ و، کورد دەبێتە خاوەنی خاک و سامانی خۆی. لەو کاتەدایە کە بوونی حیزبیش لەڕووی یاسای و زانستییەوە ڕەوایەتیی پەیدادەکات و، هەر حیزبێک دەتوانێت و مافی ئەوەی هەیە بەئاشکرا خەبات وچالاکی و پڕۆپاگەندە بۆ بیروباوەڕی خۆی وکۆکردنەوەی جەماوەر لە دەوری حیزبەکەی خۆی بکات. لەبەر ئەوە، خەباتی سەرەکیی ئێمە، لەم قۆناخەدا خەباتی ڕزگاریی نیشتمانییە و، بۆ گەیشتن بەم ئامانجەش، کورد پێویستی بە سازکردنی حکوومەت و پەرلەمانێکی کاتیی هەیە کە لەدەرەوەی وڵات پێکبێت و، نوێنەرەکانی لەنێوخۆ و لەدەرەوە لەکەسانی زانا و شارەزا لە بوارەکانی جیاجیای سیاسی و کۆمەڵایەتیدا هەبێ و، نوێنەرێتیی گەلی کورد بکەن لە دەرەوە و لەنێوخۆی وڵات تاگەیشتن بە ڕزگاری و سەربەخۆیی کوردستان.

بەڕێزان، وەک ئاگادارن، کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان، لەکۆنگرەی پێنجەمیدا بەتێکڕای دەنگ بڕیاریدا **کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان - ڕۆژهەڵات** دابمەزرێت، بەپێی ئەو ئەرکە نەتەوەییەی کە بەهاوبیرانی کۆنگرە لە ڕۆژهەڵات سپێردرا، تاکو ئەمڕۆ توانراوە لەنێوخۆی وڵات و، لەدەرەوەی وڵات، پەرە بە هۆشیاریی نەتەوەیی و سازکردنی ڕێکخستنی نەتەوەیی بدات. ژمارەیەکی بەرچاو لە نیشتمانپەروەران و ڕۆڵەکانی دڵسۆز و خاوەنئەزموون لە ڕۆژهەڵات، لەنێو کۆنگرەدا ڕێکخراون و، لە مانگەکانی داهاتوودا، کۆنفرانسی یەکەمی خۆی بۆ ئاشکراکردنی بەرپرسیارەتی و ئەرک و چالاکییەکانی لەدەرەوەی وڵات دەبەستێت.

ئەورۆکە، یادی پەنجاساڵەی **"کاژیک"** و هاوکات یادی ٢٤ ساڵەی دامەزرانی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستانە. بەم بۆنەوە، پیرۆزبایی گەرم ئاراستەی هەموو هاوبیران و ڕۆڵەکانی دڵسۆزی گەلەکەمان دەکەم. کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان، لە ڕۆژی دامەزرانییەوە تاکو ئەمڕۆ، گەورەترین خزمەتی بە پشێخستنی زانستانەی بیری ڕزگاری و بەتەوەیی کردووە. تاکە دەزگەی ڕاستینەیە بۆ چاسەرکردنی پرسی کورد بۆ گەیشتن بە کۆمەڵگەیەکی ئازاد و سەربەخۆ. لەبەر ئەوە، ئەرکی سەرشانی هەموو کوردێکە بەهەر شێوەیەک دەتوانی و بۆیدەکرێت، هاوکاریی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان بکات.

بارودۆخی کوردستان، زۆر لەوە سامناکتر و پڕمەترسیترێکە بیری لێدەکرێتەوە. لەبەر ئەوە، هەموو ئەو کەسانەی خۆیان بە دڵسۆزی گەلەکەیان دەزانن، نابێ

**سەرکەوتنی ئێوە و سەرکەوتنی کۆنگرە ئاواتە خوازم.**

**هەر بژین بۆ خەبات لەپێناو ڕزگارکردنی نەتەوەی کۆیلە و خاکی داگیرکراومان کوردستان**

**براتان: ئازاد مافکۆ**

**کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان – ڕۆژهەڵات**

**١٨/٤/٢٠٠٩**

**پەیامی سیاسەتکار و نیشتمانپەروەر،**
**هاوبیر مامۆستا محەممەد ئەحمەدیان**

------------------------------

## بەڕێزکۆمیتەی ئامادەکاری "کۆنگره"ی، کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان!



**لە گەڵ سڵاوێکی گەرم!**

بانگهێشتننامەکەتان بە دەستم گەیشت، سپاس لەوەی کە ئەو شانازییەتان پێرەوا دیتووم. بۆ من مایەی دڵخۆشی بوو کە بمتوانییایە لە کۆنگرەی ٦ی کۆنگرەدا بەشدار بم، بەڵام بەداخەوە کار و باری زۆر ئەو دەرفەتەیان بۆ نەهێشتمەوە.

برایان و کوردستانیانی خۆشەویست ئێوە لە کاتێکدا قۆڵتان لە گرتنی کۆنگرە هەڵماڵیوە کە وڵاتە خۆشەویستەکەمان خەریکی تێپەڕبوون بە تەنگەبەرێکی مێژوویی‌دایە.

نەتەوەکەمان لە باکوور لە پێکشەوتن دایە و ڕۆژ بە ڕۆژ سەرکەوتنی تازە بە خۆوە دەبینێ و بەرەو سەرکەوتنی کۆتایی پێداگر و بە ئیمان ڕێگە دەبڕێ.

نەتەوەکەمان لە باشوور خەریکی ململانەن لە گەڵ ئەو سیاستکارە کوردانەی کە لە بەغدا و کوردستان خەریکی بەندبازی و سات و سەودان و دەسەڵات پێش چاوی گرتوون و قازانجە نەتەوایەتییەکانیان لە بیر بردۆتەوە.

گەلەکەمان لە ڕۆژهەڵات سستتر لە پارچەکانی دیکە بە ئارامی و وەک پۆلووی بن خۆڵەمیش خەریکی بەربەرکانی و خۆ دەربازکردن لە قەیرانێک کە لە لایەن حیزبە بە ناو کوردستانی و لە ناوەڕۆکدا ئێرانییەکان لە باری فکر، دەروونی و نەتەوەیی بۆیان ساز دراوە، ئەوان ئێستا لە ژێر پیلانی بە فارسکردن و پاکتاوی نەتەوەیی دان.

خەلکەکەمان لە ڕۆژئاوا بە شێوەیەکی ئارام و لە سەرەخۆ خەریکی خەباتن.

خانەخۆیی بەڕێز، نەتەوەکەمان پێویستی بە خوێنێکی تازەیە، ڕێکخراوە و حیزبە نەتەوەییەکان دەبێ ئەو کارە بکەن و ئەو خوێنە لە ڕەگەکانی نەتەوەکەمان وەگەڕ بخەن، میلەتەکەمان دەبێ بزانێ کێیە، لە کوێ دانیشتووە و بۆ زیاد لە هەموو نەتەوەکانی دنیا لە مافی سیاسی و سروشتیی خۆی دوورە، بۆ ئەو کارە ئەمن پێموایە دەبێ:

**١- گەلی کورد سنووری نەتەوەیی هەبێ، ئەو سنوورە لە لایەن هەندیک ڕێکخراوی کوردی شێوێندراوە، لە هەندێک شوێنی کوردستان هەندیک خەڵکی ساکار پێیانوایە سەر بە نەتەوەی داگیرکەرن و ئەو ساکارییە لە لایەن هەندێ ڕێکخراوی بێ مەسوولیەت پەرەی پێدراوە، ئەو بێسنوورییە دسپێکی تواندنەوەی نەتەوەیەکە.**

**٢- گرنگترین مەرجی نەتەوەیەک بۆ ئازادبوون، باوەر بە خۆبوونە، ئەو باوەر بە خۆبوونە بەداخەوە لە لایەن هەندێک ڕێکخراوەوە لاواز کراوە. دەبێ کار بۆ بە هێزکردنی ئەو ئەسڵە ئەساسییە بکرێ.**

**٣- هەندێک مەرج بۆ دانانی هێڵی سووری خەیانەت و خزمەت، بۆ ڕێبەران و ڕێکخراوەکانیان دابندرێ.**

**٤- ئەو سەمبولانەی کە نەتەوەیەک لە یەک کۆدەکاتەوە دانبدرێ، ڕێزی لێبگیرێ و موقەدەس (پیرۆز) بکرێ.**


**٥- گرنگترین ڕەمزی مانی نەتەوەکەمان وەک نەتەوە، منداڵە، وەک وەزیفەی نەتەوەیی کاریان لە سەر بکرێ.**

**٦- خەڵکەکەمان ئێستا لە دەورانی تێپەڕبوون و خۆ ساخکردنەوەی نەتەوەییدایە، لەم دەورانەدا زمان، کولتوور و شێوەی وەکیەک بیرکردنەوەیە کە ڕۆلی ئەسڵی دەگێڕی و هەموو خەڵکەکەمان لە ژێر سەربانێک کۆ دەکاتەوە و کەسایەتی و متمانە بە خۆبوون دەداتە تاکەکان،. ناسینی ئەو زەروورەتە زۆر گرنگە و دەبێ بە چڕی کاری بۆ بکرێ.**

**ئیتر هەر شاد و سەرکەووتوو بن بۆ نەتەوەکەمان**
**بە ئاواتی سەرکەوتن بۆ کۆنگرەی٦ی کۆنگرە**

**براتان: محەممەد ئەحمەدیان**
**١٨/٤/٢٠٠٩**

## پەیامی هاوبیر کاک سمکۆ عەلی نوێنەری کۆمیتەی سکاندیناڤیا بۆ کۆنگرەی (٦)!



**هاوبیرانی کۆمیتەی سکاندیناڤیا، کۆنگرەی (٦)ی KNC. لەهەموو ئێوە و، لەنەتەوەی کورد پیرۆزدەکات. بەخێرهاتنتان دەکات بۆ ئەم کۆبوونەوە گرنگە.**

هاوبیرانی خۆشەویست؛ دۆستانی بیری نەتەوەیی و سەربەخۆیی نیشتمانی کوردستان؛ ئێمە وەک ئەندام و دۆستی .KNC، پێمانوایە کاتی ئەوە هاتووە خۆمان ئامادەبکەین بۆ گۆڕانکارییەکان و پێ بنێینە قۆناخێکی نوێوە، ئەم گۆڕانکارییانەش دەبێت لەخۆماندا رووبدات، **(* لەشێوەی کارکردنماندا، * لەچۆنییەتی بەرەورووبونەوەی رووداوەکان و هەموو بڕیارە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان، کە لەلایەن هەر دەسەڵاتەکەوە دەدرێت، بێگوێدانە 'قەبارەی دەسەڵاتیان، هێزی سەربازیان، رەگەز و کولتووریان').**

بەڕێزان: سەربەخۆکردنی سەرتاسەری خاکی کوردستان ئەرکی سەرشانی هەموو کوردستانییەکە و، نابێت هیچ جیاوازییەک بوونیهەبێت، لەنێوان هیچ یەکێک لەهاوولاتییەکانی کوردستان. رێگرتن لەمافی سەربەخۆبوون و دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستانی، ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ؛ دەبێتە کاری داگیرکەران و دوژمنان و بەکرێگیراوانی دژ بەمافی رەوای خەڵکی کوردستان. ... داگیرکەران ناسراون و هەموو یەکیک لەئێمە دڵنیاین لێیان، پێویستمان بە رۆنکردنەوە نییە دەربارەی دەسەڵاتدارانی (ترک و فارس و عەرەب)، ئێستە دەکرێت پێناسەیەک بۆ دوژمنان و بەکرێگیراوان دژ بەسەربەخۆیی کوردستان بکەین؛ ئێمە دەڵێین: 'هەرکەس، هەرلایەنێکی سیاسی، هەر رێکخراوێک و هەر دەسەڵاتێک' گرنگ نییە بە 'چ زمانێک قسەدەکات' و دەسەڵاتی سیاسی و توانای ئابووری و هێزی چەکداری چەندە؛((ئەوانەی ئەمرۆ لە باشووری کوردستان دەسەڵاتدارن)) ئەگەر دژی سەربەخۆبوونی خاکی کوردستان، راستەوخۆ یان ناراستەوخۆ کاریکرد، دەبێت مۆرکی دوژمنانی 'خاک و نەتەوەی' لەسەربدرێت و، هەموو جۆرە خەباتەکی لەدژ بکرێت. ئێمە داواکارین ئەم کۆنگرەیە بتوانێت بڕیاری خۆی لەسەر بدات.

بەڕێزان: مێژوومان پێماندەڵێ، نەتەوەی کورد زۆربەیجار کەوتۆتە پاش رووداوەکان،! ئێمە دەزانین ئەم پاشکەوتنە هەڵەیە، پێویستە ئێمە شانبەشانی رووداوەکان بچینە پێشەوە و هەوڵبدەین ببینە کاریگەر لەخولقاندنی 'واقیع'، نەک لەواقیعێکی سەپاو بەسەرماندا دەستەودامان هەوڵی خۆگونجان بدەین... بەم زووانە هەڵبژاردن لەعێراق و باشووری کوردستان دەکرێت، 'ئەو باشووری کوردستانەی کە ئەمجارەیان خرایەوە سەر عێراق بەدەستی بەکرێگیراوانی دژ بەسەربەخۆیی کوردستان' و بەچەندین شێوە ناچارکردنی خەڵکی رەشورووت و مافخوراوی کوردستان بۆ بەشداربوون لەو تاوانە مێژووییە... ئێمە ئێستە ئەرکێکی مێژووییمان لەسەرە، کە دەبێت کارێکی وابکەین خەڵکی کوردستان 'بایکۆتی' ئەم هەڵبژاردنە بکات، تا ئەوکاتەی گوێ دەدرێت بە مافە رەواکانی.

**ئێمە داواکارین ئەم کۆنگرەیە بتوانێت ئەمە بکاتە کاری سەرەکی ئەمڕۆی خۆیی و هەموو توانایەکی بۆ بخاتەگەڕ.**

**زۆر سوپاستان دەکەم بۆ ئەو کاتەی پێتاندام و بۆ گوێگرتنتان.**

**هاوبیرتان:**

**سمکۆ عەلی، نوێنەری کۆنگرە لە سکاندیناڤیا.**

## پەیامی لێژنەی هاوئاهەنگی و پەرەپێدان بەئاستی هۆشیاری نەتەوەیی کۆنگرە (ڕۆژهەڵاتی کوردستان)!

-------------------------------

**سەرکردایەتی کۆنگرەی نیشتیمانی کوردستان!**

**سەرۆکی کۆنگرە بەرێز دوکتۆر جەواد مەلا!**


**بناغەدارێژی بیری نەتەوەیی و دێموکراتیك جەنابی دوکتۆر جەماڵ نەبەز!**

**هاوبیران و هەڵسوڕاوانی بەئەمەکی کۆنگرە!**

بەبۆنەی بەڕێوەچوونی سەرکەوتوانەی شەشەمین خولی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان، بەناوی **لێژنەی هاوئاهەنگی و پەرەپێدان بەئاستی هۆشیاری نەتەوەیی کۆنگرە (بەشی ڕۆژهەڵاتی کوردستان)**، پڕ بەدڵ پیرۆزبایی خۆمانتان ئاراستەدەکەین و ئەو سەرکەوتنە پربایخە بەهانگاوێکی پۆزەتیڤ لەئاستی پێگەیاندنی نەتەوە بندەستەکەمان لێکدەدەینەوە.

بێگومان لەباردودۆخێکی وەها نالەبار و ئاڵۆزیەکی هزری کردەوەیی لەناو لایەن و حیزبەسیاسیەکانی سەرجەم بەشەکانی کوردستانی داگیرکراو بەستنی کۆنگرە بە گوتارێکی نەتەوەمێحوەرانە و بیرکردنەوە لەبەرژەوەندیی گشتی و نەتەوەیی لەسەر بناغەی چەمکی ناسیۆنال-دێموکراسی، کارێکی ئاستەم و گەلێک پیرۆزە کە هاوبیرانمان بەوپەڕی بیری نەتەوەیی و کوردستانی لەو ئەزموونەدا جارێکی دیکە لێوەشاوەیی خۆیان نیشاندا. ئەوە لەبارودۆخێکدایە کە لەهەر لایەکەوە نەیاران و بەرهەڵستکارانی دیار و نادیاری نەتەوەی کورد، لەهەوڵی بەلاڕێ بردن و چەواشەکردنی درۆشم و ئامانجەکانی ئەو نەتەوەبێبەشکراوە تێناوەستن و بەداخەوە لەو گەمەو شانۆگەریەشدا لەساویلکەیی و لاوازی بیری کوردستانی هەندێک گەلەکۆمە و کەسایەتی بەناو کورد کەڵکوەدەگیرێ.

هەر بۆیەش ئێمە لەگشت بەڕێوەبەران و کەسایەتییەهەڵبژێردراوەکان لەکۆنگرەی شەش داوا دەکەین لەئاستی ئەرک و پێداویستیی نەتەوەکەمان کەلەو کۆنگرەیەدا بەشانازییەوەخراوەتەسەر شانیان، بەو پەڕی هێزوتوانا هەست بە بەرپرسیارەتی خۆیان بکەن و لەبەڕێوەبردنی ئیش و ئەرکەکانیاندا لێبڕاوانە بۆ وەدیهێنانی ئاوات و ئامانجەپیرۆز و بەرهەقی گەلەکەمان لەبازنەی خەبات و تێکۆشان نەوەستن.



وێڕای ئاواتی سەرکەوتن بۆ سەرجەم ئەندامانی ئەرک پێسپێردراوی کۆنگرە، ئێمەجارێکی تریش ئەو سەرکەوتنە لەبەڕێوەبەرانی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان، ئەندامان و هاوبیرانی کۆنگرە و هەموو نەتەوەی بندەستی کورد پیرۆز دەکەین و هیوامان وایە کە لەداهاتوویەکی نزیکدا بەیەکگرتن و یەکێتیی لەنێوان تاک و کۆمەڵەجۆراوجۆرەکانی نێو گۆڕەپانی خەبات و تێکۆشینی گەلەکەمان، ئاکامەنەتەوەییەکانمان وەدەسبخەین.

**بژی ئازادیی!**

**بژی سەربەخۆیی هەمیشەیی!**

**شەکاوەبێت ئاڵای پیرۆزی ڕزگاریی!**

**لێژنەی هاوئاهەنگی و پەرەپێدان بەئاستی هۆشیاری نەتەوەیی کۆنگرە (ڕۆژهەڵاتی کوردستان)**

**٣ی جۆزەردانی ٢٧٠٩**

## پەیامی فدراسیۆنی
## "یارسان" ییەکان
## لەوڵاتی سوێد بۆ کۆنگرەی (٦)!



# بەناوی ئێزدانی
# بەخشندەو دڵاوا

### بەڕیزان/ بەرپرسانی بەڕێوەبەری کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان.
### بەڕیزان/ ئەندامانی بەشداربووی کۆنگره.
### خوشکوبرایانی مێوانی بەڕێزی ئامادە بوو

پێشەکی بەناوی فیدراسیۆنی کومەڵەکولتورییەکانی یارسانی، لە وڵاتی سوید، سڵاوێکی گەرمی هەستی نەتەوایەتی و نیشتمانپەوەریتان پێشکێش دەکەین، سوپاس و پێزانینمان، ئاراستەی دەستەی بەڕیزی بەڕێوەبەرایەتی کۆنگره دەکەین، کە ڕێزی بەشداربوونی پێبەخشین.

ڕێزداران، هەروەک ئاگادارن، لە زۆر کۆڕو کۆبونەوەکانی کە ئەبەسترێ لە بواری هەستی پیرۆزی نەتەوایەتیدا، بە تێروتەسەلی ئەچینە ناو قوڵایی مێژووەوە، بەڵام بەداخەوە، کە نەمانتوانیوە وەک پێویست، بایەخ بە بوژاندنەوەو بەهێزکردنی پەرەنسیپەکانی، بوونی نەتەوەیی بدەین. کە دیارە ئەوەش کەلێنێکی گەورەی خستۆتە نێو بزوتنەوەی هەستی یەکیەتی و نەتەوایەتیمانەوە. کە زیاتر لە بواری ئاینیشدا بە دیکراوە.

بەڕیزان، هەر وەک ئاگادارن، پەرانسیپەکانی نەتەوەی ڕەسەن،لە سەر سێ ئەستونەک، وەیا بڵێن کۆڵەگە، دروست ئەبێت، کە بریتیە، لە ئاخ"خاک" و زمان و، کولتور. دیارە بەشی هەرە گرینگیش لە کولتوردا،

ڕێبازی ئاینیە. کە لە ١٠٠٪. کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی پێوەی پابەندە. هەر وەک ئێمەی نەتەوەی کوردیش، لەو بوارەدا، لە زۆرینەی گەلانی ناوچەکەدا، زۆر دەوڵەمەندترین. چ لە ڕووی چەندایەتی و، چ لە ڕووی کۆنی مێژووییەوە. دیارە خۆ هەندێ نەتەوە هەر نیشیانە. بەڵام هەزاران مخابن، لە جیاتی ئەوەی وەک هەندێ لەگەڵان، کە بەسودوەرگرتن لە ڕێبازی ئاینیەوە، پێگەی نەتەوایەتی خۆیان بەجۆرێ بەهێز کرد، گەیشتنە پلەی ئیمپراتۆریەت. بەڵام ئێمەی نەتەوەی کوردی کڵوڵ. بەزیانێکی زۆر گەوەرەش لە سەرمان کەوت، چۆنکە نەمانتوانی، نە پارێزگاری لێ بکەین، وەکو پێویست، و، نە سوودی نەتەوایەتیشمان لێوەرگرت، هەروەک گەلانیتر!.

خوشکو برایانی بەڕیز، هیواداریین لە دیدو بۆچونەکانمان واتێنەگەن خوانەکەردان، مەبەستمان دژایەتیکردن، یان لەکەدارکردنی ئاینە پیرۆزەکانی تربێ، بەتایبەت ئاینی پیرۆزی ئیسلام. بەڵام هەر وەک ئاگادارن، کە بەپلەی یەکەم، گەلی عەرەب و تورک و فارس، لە ڕیگەی ئاینی ئیسلامی پیرۆزەوە، توانیان هەستی نەتەوایەتی و یەکیەتیمان لاوز بکەن و، بە کۆیلەییەتیی بمانهێڵنەوەو، بەر لە هەمو شتێکیش ئاینە پیرۆزە

کوردییەکەمان لاوازو بێبایەخ بکەن،کە لەکاتێکدا لە هەموو بوارێکی گیانییەوە، هیچی لە ئاینە ئاسمانیەکانی تری کەمتر نیە و، لە ئاینی یەهودی و مەسیحی و ئیسلامیی پیرۆزیشەوە، کۆنترە. بەلام دوژمنانی گەلو نیشتمانەکەمان، لە ژێر پەردەی بەتایبەتی ئاینی ئیسلامی پیرۆزدا، لە پێناو خزمەت کردن بە دۆزی هەستی نەتەوایەتی ڕەگەز پەرستی خۆیان، بەدەیان پرو پاگەندەی ناڕاست و ناڕەوایەتیان، لە دژی بەڵاو کردەوەو، بە زۆری نوکە ڕم و شمشێری خوێناوی ناڕەوا، گەلی کوردیان دابڕی و پارچەپارچەیان کردو، زۆر جاریش بە گژ یەکیاندا کردون و خۆیان بونە بەسەیرکەر. بۆ نمونە، **وەک پەلامار دانەکەی میر موحەمەدرەواندوزی، کە ناسراوە بە( پادشای کۆرە) بۆ سەر برا ئێزدیەکانمان لە سنوری شەنگالی داسنی قەلای مەردان. زۆر موخابن کە لەئەنجامیشدا، بە هۆی بەلێنێکی ئاینیەوە، ملی کەچ کردو چووە دیوانی دوژمنانی کورد،خەلیفەی ئیسلام سوڵتان عەبدول حەمیدو، بەدرۆیەکی خەلیفەی ئیسلام، ڕازی بوو. کەچی لەگەڕانەوەیدا بۆ کوردستان، لە ڕێگادا سەر برەکانی خەلیفە، لە سەر بڕیاری خەلیفەسەریان بری و، بە نوێنەری ئیسلام، مەلا محەممەدی خەتێ، کەللەسەرەکەیان، هەر وەک دیاری خەلیفەی ئیسلام، ناردەوە بۆ پێتەختی حکوومەتی کوردی لە سۆران، کە بوو بەهۆی ڕووخانی دەسەلاتی حکوومەتی سۆران و، سەرکەوتنی دەسەلاتی تورک.**

بەڕیزان، خوشکو برایانی خۆشەویست. دوبارەی ئەکەمەوە، بیروبۆچونەکانی ئێمە، بانگەوازێک نییە لە دژی ئاینە پیرۆزەکانی تری و، گەڕانەوەی بەزۆرە ملێ بو ئاینە کوردیەکەمان. بەڵکو هەر وەک لە پێشەوە ئاماژەمان پێکرد، کە ئاین وەک چمکێکی بەهێزی کولتورییە، بۆ ناساندنی پێناسەی نەتەوایەتیی، فاکتەرێکی بەهێزی پیرۆزیی نەتەوەییشە، بۆ پێکەوە بەستن و، لێک نزیک خستنەوەی تیرەو هۆزەکان لە یەکتر،کە دوژمنان هەردەم هەوڵی لێکترازاندن و، دابڕینیان ئەدەن لە یەکتر، بە هۆی جیاوازی زاراوەکانەوە. هەر چەندە لە هەموو کۆمەڵگایەکدا، ئەو دیاردەیە هەر هەیە. جا وەک ئاگادارن، لە گەڵ ئەو هەموو بەربەرەکانی کردنانەدا،خۆشبەختانە، ئەگەر بە شێوەیەک لاوازیش بێ، نەک تەنها لە هەر چوار پارچەی کوردستان، بەڵکو لە هەر پێنج پارچەکەشدا، بونی ئاینە پیرۆزەکەمان هەر زیندووە. بۆیە، داواکاری ئێمە تەنها ئەوەیە، هەر وەک ڕێز لە ئاینە پیرۆزەکانیتر ئەگیری و پشتگیریان لێئەکرێ، هەر بەو شێوەش هاوکاری و پشتگیریش لە ئاینەکوردییەکەی خۆمانیش بکرێت. لە هەموو بوارەکاندا. بەڕاستی لەڕوانگەی لایەنەکانی پێڕەوانی ئاینی کوردییەوە، کە ناکرێ لێرەدا و لە وتارێکی کورتدا، ئاماژە بە ڕێبازەکانی، پابەند بە ئاینی کوردی بکەین. زۆر نیگەرانین لەوەی ئەمڕۆ ئەگەر پرسیار لە ڕۆڵەکانی گەلەکەمان بکەین، دەربارەی گۆشەکانی (ركن) ئاینی ئیسلام لە % ٨٠ ی ئەزانێت چین، هەر چەندە کاریشیان پێناکات و، بە زوبانی خۆشی نەنوسراوەتەوە. بەڵام پرسیاری سەر چاوەی ئاینی کوردیان لێبکەن، کە بە زوبانی شیرینی کوردی دابەزیوە، لە % ٢٠ تیشی هەرچی زانیارییە لەسەری نایزانێ، تەنها بەشێکی کەمی هەر ئەزانێت بڵێت، ئاینی زەردەشتی و، کە زۆرینەیان بە کافریشیان ئەزانن، چۆنکە لە ڕوانگەی دوژمنانەوە وەریان گرتوە!.

جا ئێمە لێرەدا، بەناوی فیدراسیۆنی یارسانییەکان لە وڵاتی سوید، داوا لە کۆنگرەی نیشتمانی بەڕێز ئەکەین، کە پشتگیریمان لێبکەن، تاکو لە لایەن حکوومەتی کوردی لە باشوری کوردستاندا، ئاوڕێکی گەرم لەئاینەپیرۆزەکەمان بدرێتەوە، لە سەر ئاستی پەروەردەی ئاینی، شان بەشانی ئاینەپیرۆزەکانیتر، لەسنووری دەسەڵاتی حکوومەتدا، وانەیەک دیاری بکرێت، لە زانستگەکان و قوتابخانەکاندا بوترێتەوە، بۆ شارەزایی پەیداکردنی ڕۆڵەکانی گەلەکەمان، لە ناوەڕۆکی ئاینە پیرۆزەکوردییەکەی باوباپیرانیان.

**ئیتر جارێکی تریش سوپاس و پێزانینمان قەبوڵ بفەرموون.**

**فیدراسیۆنی یارسانییەکان**
**لە وڵاتی سوید**
**١٨/٤/٢٠٠٩**

# به ناوی بەدیهێنەری سروشتی جوانی کوردستان

**بۆ دڵسۆزانی ڕاستینـــی ڕێبازی ئازادی و سەربەخۆیی کوردستـــان!**

**ئەندامانی بەڕێزی کۆنگـــرەی نیشتمـــانیی کوردستـــان!**

وێڕای سڵاوی ئازادی و سەربەخۆیی

پاش ئاراستەکردنی جوانترین و ڕازاوەترین پیرۆزباییەکان، بە بۆنەی کۆتایهاتنی کۆنگرەی شەشی کۆنگرەوە، پڕبەدڵ خۆشحاڵی خۆم بە سەرکەوتنی کۆنگرەی (٦) دە ردەبڕم. هیوادارم ئەم کۆنگرەیە ببێتە هۆی یەکگرتن و یە کریزیی نێو هەموو ڕێکخراوە کوردستانییەکان و بە گیانێکی برایانە و سینگی فراوانەوە بتوانن لە گەڵ یەکتر هەوڵ بۆ گەیاندنی گەلمان بە مافە ئاساییەکانی بدەن. هەروەک هەموولایەک باش ئاگادارین لە دوای دارژانی پلانی دابەشکرانی کوردستـان و لکاندنی بێویستیی خۆی بە سەر چەندین وڵاتی شۆڤێنیست و دواکەوتوودا، جیا لە زۆر گرفتی وەک تێکەڵبوونی چەند زمان و کە لتووری نامۆ لەگەڵ زمان و کەلتووری کوردی، داگیرکەران وڵات و نیشتمانی ئێمەیان کردووەتە شوێنی یەکلاییکردنی کێشەکانیان و خاکی کوردستان هەموو کات بووەتە ئاوردوی دێوەزمەی شەڕ و، لە هەر شەڕ و گرفتێکدا، بەشێک یان هەموو خاکی ئێمە زەرەرمەند بووە. زۆر بەداخەوە سەرکردەی حیزب و ڕێکخراوەکانیشمان زۆرجار بەرژەوەندیی حیزبایەتییان وەپێش بەرژەوەندیی کوردستـان داوە و، مافی نەتەوایەتیی گەلیان، کردووەتە کالای بازاری سیاسی و، بە مەزەندەی بەرژەوەندیی حیزبەکەی خۆیان و بە بێگرتن بە بالای خە ڵکی کوردستان برپویانە و تەنیا ئەوەندەیان بۆ خەڵک هێشتووەتەوە کە بڵێـن پیرۆزە و، زۆر جاران وا هەڵکەوتووە کە کالا بە قەد باڵاش نەبووە و شیاوی پیرۆزبایی کردنیش نەبووە. هەربۆیەش تا ئێستا لە گەڵ ئەوەشدا کە ڕێبازی خەبات بێ ڕێبوار نەبووە، بەڵام کاروانی ئێمە نەگەیشتووەتە ئامانج.

لە بارودۆخی ئەمرۆی ڕۆژهەڵاتی ناڤیندا، پێویستبوو بۆ کورد، بۆ وەدەسهێنانی مافەڕەواکانی، بەرەیەکی یەکگرتووی کوردستـانیی پێکبێنـن. هەموو هێزوتواناکـان یەکخرابان بۆ گەیشتن بە ئامانجە پیرۆزە کانمـان. بەڵام گەلێک مەخابن، نەتەنیا ئەم بەرەیە پێکنەهاتووە، بەڵکو هەموو ڕۆژێک شاهیدی لێکدابرانی حیزبەکان و ڕێکخـراوەکانمان دەبین و تەنانەت بینیومانە لە پاش لێکدابران پێشمـەرگەکان، کە تەنیا دەبوو ڕوویان لە دوژمنانی کوردستـان بوایە و هەموو هەوڵ و تێکۆشینیان بۆ ئازادیی کوردستان وەگەڕخستبا و لەم ڕێگەیەدا یارمەتیی یە کتریشیان دابا، بەردەبنە گیانی یەکتر و دوژمنانی کوردستانمان پێ شاد دەکە ن .

لەبارودۆخی ئەوڕۆی کوردستـاندا، پێویستـە لایەنێک هەستێت بە هۆشیارکردنەوەی لاوانـــی کوردستـان تا چیتر شوێن دروشمی پووچ و بێبنەما نەکەون و، بزانن کە تە نیا ڕێگەی ڕزگاربوونی گەلی کورد، لە کۆیلەتی و تووش نەبوونی نەوەی داهاتوو بە دەرد و نەهامەتیی ئێستای ئێمـە، سەربەخۆیی کوردستـانە و دروشمی وە ک فیدراڵی و خودمختـاری و......هتد، چارەسـەری کێشـەی ڕەوای ئێمە ناکەن.

هیوادارم کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان لەو بارەوە ڕۆڵی سەرەکیی هەبێت و بڕیارەپەسەندکراوەکانی ئەم کۆنگرەیە، گوڕوتینی زیاتر بدات بە خەباتکردن و تێکۆشینی ئەندامانی و بەوپەڕی لە خۆبردوییەوە لە پێناو گەیشتن بە ئامانجەڕەواکانی گەلە مافخوراو و زێڵێکراوەکەماندا تێبکۆشن و سەر قافلە بن بۆ گەیاندنـــی کاروانـی خەباتی گەلی کورد بە دوامەنزڵ کە کوردستـانێکی ئازادە و هە روەها کۆنگرە هەوڵی تەواو بدات بۆ پێکهێنـانی بەرەیەکی یەکگرتووی کوردستـانی و لاوانـی کوردستـان هۆشیار بکاتەوە تا چیتر خوێنـــی لاوانی کورد لە پێناو بەرژەوەندیی حیزبایەتی و تاکەکەسی و بنە ماڵەیی دا بە دەستی لاوی کورد نەڕژێ و لوولەی چەکی لاوانی کوردستـان تەنیا ڕووی لە سینگی دوژمنانی کوردستان بێت نەک لە سینگی پێشمەرگەکانی کوردستان. لە سەر ڕووناکبیـران و لێزانانی گەلەکەشمـان ئەرک و پێویستە لە پێنـاو بەرژەوەندیی کاتیی خۆیان، چاوپۆشی لە هەڵەوتاوانـی حیزبەکان نەکەن و بەهەڵەوە دوایان نەکەون. پێویستـە ڕێگەی ڕاستی ڕێگەی ئازادیی نیشـانی لاوەکانمـان بدەن و ببـنە مەشخەڵبەدەستی ڕێگەی ڕزگاریی، تا بەم شێوەیە بتوانیـن کوردستـانی دابەشکراو و داگیرکراومـان لە چنگی ڕژێمە داگیرکەرەکـان ڕزگـار بکەین. هیوادارم کۆنگرەی داهاتوومان لە وڵاتێکی ئازاد و لە ژێر سایەی حکومەتێکی دێمۆکراتی کوردیدا بگیرێت و هاوکات بێت لە گەڵ جێژنی سەربەخۆیی و یەکگرتنەوەی هەموو پارچەکانی کوردستان.


**هەر شە کـاوە بێت ئاڵای بە رزو پیرۆزی ئازادی و سەربەخۆیی کوردستـــان!**

**پڕڕێبـوار بێت ڕێبازی ڕاستینەی خەبات بۆ ئازادیی کوردستـــان!**

**ئاریا موکـــریانـی بەرپرسیاری کۆمیتەی کۆنگرە لە باکووری کوردستان**

## پەیامی نووسەر و نیشتمانپەروەر کاک سەردار پشدەری لە کۆنگرەی (٦)

### لە وڵاتێکی ژێر چەوری سەر زەریای نەوتەوە!
### لە نیشتمانێکی گرینۆکی دابەشکراو و سووتاوەوە!



### لە نەتەوەیەکی ژێردەستەی سەروشکی بێ پێشڕەوەوە!
### لە فرمێسکی پێنج هەزار ساڵەی وشک نەبووەوە!

**سەڵاو لە هەموان و نەفرەتیش لەوەی ئاوڕ لە داوای سەربەخۆیی ناداتەوە!**

**هۆ نیشتمانە هەڵپڕوکاوەکەم:**
هۆ نیشتمانە هەڵپڕوکاوەکەم:
بەدەنگێکی بەرزەوە،
های هۆیەک لەخواکانی سەر ئەرز کە.
بە پەیکەری ئازادی ئەمەریکا بڵێ،
دوەڵەتمان دەوێ و
پەیمانەکانی سەرۆک وڵسن جێبەجێکە.
بەمەلیکەو بیگبێن بڵێ تۆڵە بەسە،
کوردستانی دابەشکراوم ناوێ،
داوای سەربەخۆیی دەکەین و تینمان بۆ تێکە.

**دە نیشتمانی هەڵپڕوکاوم:**
لە شانزەلیزە قاچ لە ئەرز توندکە،
خۆت بە بورجی ئیڤڵ دادەو
مادام میتران وەک شاهیدێک لەخەو راکە.

**دە نیشتمانی هەڵپڕوکاوم:**
کۆترە ئاشتیەکەی جاران بنێرەوە مۆسکۆ،
شکوای خۆتی پێ لەسەر گۆڕی لینین بنوسەو
با بە کریملن بڵێ،
هیچی تر پشتیوانی دوژمنانی کورد مەکە.

**دە نیشتمانی سوتاوم:**
بۆنی هەڵپڕوکانت بگەیەنە سور نوسانی چین و پێیان بڵێ بەسە منجەمنجی ژێر لێو،
هەڵوێستی خۆت ئاشکرا کە.

**دە نیشتمانی کیمیا کراوم:**
بەلوتی هەڵقرچاوەوە،
لەدوای پرسیار لەمەکەو مەدینە،
مۆڕەیەکم بۆ لەسەر جێخونی عەربان کە.
بڵێ وڵاتت داگیر کردم،
کیمیات دەرخوارد دام و ئەنفالت کردم،
دەبەسە ئازادم کە.

**دە نیشتمانی هەڵپڕوکاوم:**
لەخوا مەترسەو لەپێناو سەربەخۆیی دا،
ئیمامانی زەمانیش ئاوەرۆت کە.

**دە نیشتمانی هەڵپڕوکاوم:**
با بەس بێ، هیچی تر،
لورەلوری تورکە گورگە چاوشینەکان قبوڵ مەکە.

**هۆ نیشتمانی هەڵپڕوکاوم:**
خۆت راوەشێنەو
سەرانی کوردم بۆ فێری کوردایەتی کە.
دەستیان پێ لەداگیرکەران هەڵگرەو
سامانەکانیان بەسەر نەتەوەکەتدا دابەش کە.

## پەیامی هاوبیر ڕێبوار نەلاسی بەرپرسیاری کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان لە ولاتی بەلجیکا بۆ کۆنگرەی (٦)!

**بەرێزانی بەشداربوو!**

**هاوبیرانی سەربەخۆییخواز!**

سلاوتان لێبێت.

بەرێزان، ئێمە وەک نوێنەرایەتیی بەلجیکای کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان، وێرای دەربرینی پیرۆزبایی و سوپاس و پێزانینی خۆمان لە پێکهێنان و بەشداربوونتان لەم کۆنگرەیەدا، هەروەها لەگەڵ داوای لێبوردنمان کە نەمانتوانی بەشداری ئەم کۆنگرەیە بین، هاوکات دڵنیاشین کە ئێوەی هاوبیرانی تێکۆشەر، وەک نوێنەرانی راستەوخۆی ئێمە زۆر بەوریایی و لێزانینەوە ئەرک و کارەکانی کۆنگرە رادەپەڕێنن. هەروەها خوازیارین کۆنگرەی (٦) لێکۆڵینەوە و ئاوڕدانەوەیەکی هەمەچەشنەی هەبێ، بۆ سەر بابەتە گرنگ و هەستیارەکانی ئەمرۆی گۆرەپانی کوردستان و، خۆرهەڵاتی ناڤین و جیهان بەگشتیی.

هەروەک ئێوەی بەرێز ئاگادارن، لە باشووری وڵاتماندا، ئێستاش مەترسیی لەدەستدانی ئەو دەستکەوتانە لە ئارادایە و، تەنانەت کێشەی کەرکووک و خانەقین و مەندەلی و ناوچەکانی دیکەی کوردستان هەروا بە هەڵواسراویی ماونەتەوە! لە باکووری وڵاتماندا، بەپێی هەڵبژاردنەکانی ئەمدواییەی شارەوانییەکانی کوردستان و تورکیا، تێکۆشەرانی گەلەکەمان، سەرەڕای گوشاری زۆری رژێمی تورکیا، ئەم جارەش توانییان بەشێوەیەکی بەربلاوتر سەرۆکایەتیی شارەوانیی چەندین شاری گرنگ لە باکووری کوردستان بەدەستەوە بگرن. کە ئەوە نەتەنیا دەستکەوتێکی نەتەوەییە، بەڵکو دەبێ بەهەر شێوەیەک کە بۆمان دەگونجێ و دەلوێت، پشتگیریی لێبکەین. داواکاریشین کە بۆ دۆستایەتییەکی چڕی هاوبەش لەگەڵیاندا، هەوڵبدرێ.

لەرۆژهەڵاتی کوردستانیشدا، سەرەڕای لەئارادابوونی زۆروزەنگی رژێمی دیکتاتۆری ئاخوندیی ئێران، لە کاتێکدا بزووتنەوەی سەرتاسەریی نەتەوەکەمان زیاتر لە رابوردوو پێویستی بە تەبایی و یەکگرتوویی ریزەکانی هەیە، کەچی لێکتراوان و ئێستاشی لەگەڵدا بێت، حیساب بۆ یەکتری نەکردن و ڕێکخستنی لاوازی حیزبەکان، گەلەکەمانی تووشی بێزاری و بێهیوایی کردووە.

لە رۆژاڤای کوردستانیش، هەروەک هەموو لایەکتان ئاگادارن سیاسەتی قڕکردن و تکۆلیکردنی گەلی کورد و مافەرەواکانی لەلایەن رژێمی رەگەزپەرستی سووریاوە بەردەوامە و، هەر چەشنە نارەزایەتی و بەرخۆدانی گەلەکەمان، بەئاگر و ئاسن سەرکوت دەکرێت. بۆیە داوا دەکەین زیاتر لەرابوردوو، ڕێکخستن و تێکۆشینمان لەو بەشەدا چالاکتر بکرێ، بۆ ئەوەی بتوانین هەردەم زیندووکەرەوەی راپەڕین و بەرخۆدانی قامیشلی و نێوچەکانی دیکەی کوردستان بین و، پێکهێنەری راپەڕینی دیکە بین.

هاوبیرانی دڵسۆز، ئێمە چەند پێشنیازێک دەخەینە بەردەست، هیواداریـن ئێوە هەڵوێستەیان لەسەر بکەن و، لەڕەوتی کاری کۆنگرەدا بیانخەنە بەر باس و لێکۆڵینەوە:

**١- بۆ پێکهێنانی بەرەیەکی نەتەوەیی و یەکگرتوو، چالاکتر لە رابوردوو هەوڵبدرێت.**

**٢- پێشنیاز دەکەین، نوێنەرایەتیی باشووری وڵاتمان گەورەتر و چالاکتر بکرێ، بۆ ئەوەی لەداهاتوویەکی نێزیکدا، بتوانین لەرێگەی تێکۆشینی زیاتری ئەم نوێنەرایەتییەوە بەرخۆدان و خەباتی سەرەکیمان بە نوێنەرایەتییەکی راستەوخۆ و یاسایی بۆ باشوور بگوازینەوە.**

**٣- خشتەیەک وەک حەقی ئەندامەتی، بۆ ئەندامانی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان دیاریبکرێ، تاکو بەو برە پارەتییەی لە ئەندامان کۆدەکرێتەوە، بتوانرێت باشتر لە رابوردوو ئەرک و کارەکانی کۆنگرەی پێ راپەڕێندرێت.**

**٤- پێناسەی ئەندامەتی بۆ ئەندامانی کۆنگرە بەهێمای نەتەوەییەوە دروست بکرێ.**

**٥- داوا دەکەین کە کۆنگرە هەستێ بەدروستکردنی رۆژژمێری کوردی کە هەموو، یان هەر نەبێ زۆرینەی بۆنە و کەسایەتی وهێمانەتەوەییەکانی تێدابێت.**

**٦- پێوەندییەکانی کۆنگرە لە نێوخۆ و لەدەرەوە بەهێزتر بکرێن.**

**٧- راگەیاندنی کۆنگرە بەهێزتر بکرێت.**

**٨- بەرنامەکانی رادیۆ دەنگی رۆژاڤا، چاوخشاندنی پێدابکرێت و پرۆگرامەکانی رێکوپێکتر بکرێت.**

**لەکۆتاییدا سەربەرزی و سەرکەوتنتان بۆ بەئاوات دەخوازین.**

**پیرۆز و سەرکوتووبێ کۆنگرەی شەشەمی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان!**

**بژی کورد، بژی کوردستان!**

**هاوبیرتان: رێبوار نەلاسی**
**بەرپرسیاری کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان لە ولاتی بەلجیکا**
**١٨/٤/٢٠٠٩**

## پەیامی پارتی سەربەخۆیی کوردستان

-----------------------------------------

### بەرێز سەرۆکایەتی کۆنگرەی نیشتیمانی کوردستان!

### بەرێزان ئەندامان، لایەنگران و دۆستانی کۆنگرەی نیشتیمانی کوردستان!

سڵاوی رزگاری و سەرخۆبونتان پێشکەش. ئێمە وەک پارتی سەربەخۆیی کوردستان پڕ بەدڵ سپاسی بانگهێشتنە کەتان دەکەین. بەداخەوە نەمانتوانی حزورەن بەشداری رێو رەسمی کۆنگرەکەتان بین، رێگەمان بدەن بە هۆی ئەم چەند دێرانەوە گەرمترین پیرۆزبایی خۆمان ئاراستەی ئێوە و سەرجەم رێبوارانی رێگای رزگاری و سەربەخۆیی یەکجاری کورد و کوردستان بکەین و سەرکەوتنی کۆنگرەکەتان بۆ بە ئاوات بخوازین.

ئامادەبوانی بەرێز، بێگومان هەموومان باش دەزانین کە خەڵکی کوردستان هەتا ئەمرۆ بە هەزاران رۆڵەی فیداکاری کردۆتە قوربانی رزگاری و سەربەخۆیی گەل و نیشتیمانەکەی و لە پێناو خۆییبون و مافی بریاری چارەنوسدا دەریایەک خوێنی داوە، توشی ژینوساید و ئەنفال بووە و بە ژەهری قەدەغە کراو هەوڵی لەبەین بردنی دراوە. ئێستاش داگیرکارانی کوردستان لە هەر چوار لاوەو بە هەر شێوەیەک کە بۆیان بکرێت هەوڵ دەدەن بۆ کپ کردنی بزاڤی رزگاریخوازی کوردستان و لە هیچ جینایەتێک دەرهەق بە لێکترازانی چارەنوسی نەتەوەی کورد لە بەشەکانی کوردستان درێخی ناکەن.

بەرێزان، خەڵکی کوردستان تا ئێستا گەلێک رابوونی گەورە و بچوکی سەردەمیانەی بەرپا کردوەو بە جیهانیانی راگەیاندوە کە ئێمە داوای مافی نەتەوەیی خۆمان دەکەین و تا مسۆگەر کردنیشی لە خەبات ناوەستین. دیارە دەبێ ئەوەش بوترێ کە سەرەرای زیاتر لە سەدەیەک هەوڵدان بۆ رزگاری و سەربەخۆیی کوردستان و رژانی دەریایەک خوێن و ماڵوێرانی، کۆمەڵ کوژی، بەرخۆدان، پێشمەرگایەتی و خەباتی چەک و پێنووس هێشتاش نیشتیمانەکەمان هەر داگیر و دابەشکراوە و چارەنوسمان لێڵ و نادیارە.

دۆستان! ئێمە دەبێ هەموو هەوڵێکی پیویست و شیاو بدەن بۆ ئەوەی نەهێڵین جارێکیتر کێشەی کورد بکرێتە کێشەیەکی ناوخۆی وڵاتانی ئێراق، ئێران، ترکیە و سوریە. ئێمە دەبێ زیاتر هەوڵبدەین بۆ ئەوەی کێشەی رەوای کورد بکەین بە کیشەیەکی نیونەتەوەیی و رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانیشی لێبکەین بە خاوەن. ئێمە دەبێ هەوڵی زۆر جییدی بدەین بۆ لێکگریدانی خەباتی خەڵکی کوردستان لە هەموو بەشەکانیدا، دەبێ هەوڵی زۆر چالاکانە بدرێ بۆ پێکهینانی یەکیەتیەکی نەتەوەیی بۆ ئەوەی دەنگەکانی کورد لە ناوەو دەرەوەی وڵات بکرێتە یەک دەنگ، واتە دەنگی رزگاری و سەربەخۆیی خەڵکی کوردستان. هەروەک دەزانن پارتی سەربەخۆیی کوردستان بۆ پێکهێنانی بەرەیەک لە سەر بنەمای ریفراندۆم لە رۆژهەڵاتی کوردستان لە حەول و تێکۆشانی بەردەوام دایە، بۆ گەیشتن بەو ئامانجە داوای هاودەنگی و پشگیری زیاترتان لێ دەکەین.

پارتی سەربەخۆیی کوردستان جارێکی دیکەش وێرای پیرۆزبایی کۆنگرەی شەشەمتان، رادەگەێنێ کە لە پیناو رزگاری و سەربەخۆیی یەکجاری کوردستاندا پشتیوان و هاوخەباتین.

**هەر بژین و سەرکەوتوو بن.**

**پارتی سەربەخۆیی کوردستان**

**١٨/٤/٢٠٠٩**

---

**بەرێزان هاوبیران**

**رۆژ و شەوتان باش**

**پڕ بەدڵ و هەستی گەرمی کوردایەتی کە بەشێکە لە ئەرکی مرۆڤپەروەرانەی هەموو مرۆڤێک بەرامبەر نەتەوەکەی. دەستخۆشی و پشتگیری خۆمتان لە رێی ئەم نامەیەوە بۆ دەنێرم و هیوای سەرکەوتن بۆ هەموو دڵسۆزانی نەتەوەی کورد ئەخوازم.**

**بەرێزان هاوبیران: تێر تێر دەستی یەکەبەیەکەتان دەگوشم و پێتاندەڵێم:**

**هەر شەکاوە بێت ئاڵای کوردستان!**

**هەر شکۆ بێت نەتەوەی کورد!**

**نەمری بۆ گشت شەهیدانی رێگەی سەربەخۆیی کورد!**

**بەرێزان ، هاوبیران**

سەدان مخابن کە نەمتوانی بەشداری ئەم کۆنفرانسە پیرۆزە بکەم ، هیواخوازم بە مەزنیی خۆتان بمبەخشن.

**هاوبیرتان: ئاسۆکورد لە بەرلین**

aso-berlin@gmx.de

**پەیامی ڕێزدار زانا شێروانی سەرۆکی پارتی ڕاستی کوردستان!**

-------------------------------------

# پەیامی ڕاستی

# کۆنگرەی نیشتیمانی کوردستان لە لەندەن

## سڵاوی زانست و خەبات..

بەداخەوە لەبەر خۆ ئامادە کردن بۆ هەڵبژاردنەکانی کوردستان نەم توانی بەژداربم، داوای لێبووردن دەکەم لە هەموو ئەندامانی کۆنگرە، لەسەدەی ڕابردوودا زۆرێک لەو گەلانەی کە دەیان ویست جیهان ئاشنا بکەن بە دۆخ و کێشەکانیان و بەئاگادار کردنەوەی جیهان لەو زوڵم و هەڕەشانەی کەلەسەر ناسنامەی نەتەوەییان دەکرا، چەندان ڕێگەی خەبات و شۆڕش و تەنانەت ڕێگای دبلۆماسیان گرتە بەر بۆ بەدەست هێنانی ئازادی بەڵام لە هەموو ڕێگەو شێوازە سەرکەوتوانەترەکان کارکردن بوو لەسەر ئاشتەوایی نێوە خۆیی و ڕێکخستنەوەی ماڵی نێوخۆیی بۆ ئەوەی بەیەکگرتوویی و بەیەک پەیام هەوڵ بدەن بۆ بەدەست هێنانی مافەڕەوانی میللەت.

لە ئەویش بینرا کە زۆربەی ئەو میللەتانە گەیشنە ئامانجی خۆیان و تەنانەت بەشێکیش بوونە خاوەنی کیانی سەربەخۆیی و چەندان سەرکردەش وەک ئەستێرەی درەوشاوە لە ئاسمانی ئەو وڵاتانە دەگەشێنەوە نموونەی وەک (سەرکردە غاندی، مارتن لۆثەر و گەلانی قوقازو بۆسنەو...هتد) کە دەیان میللەتی تریش بەردەوامن لەهەوڵ و خەباتی خۆیان لێرەدا دەمەوێ بڵێم گەلی کورد لە ئێستاکە لە نەهامەتی ترین بارو دۆخ دەژیت و پارچە پارچە کراو بەسەر تورک و عەرەب و فارس و ڕوس سنوری دەستکردن، کەچگە لە هەرێمی کوردستانی عێراق سەرجەم بەشەکانی دیکە لەژێر زوڵم و ئەشکەنجەی ئەو وڵاتانە دەناڵێنن و تەنانەت مافی قسەکردنیان نیە بەزمانی شیرنی دایک، کەچی زۆرجار دەبینین لەهەندێک سەرکردەی باشووری کوردستان کە بانگەشەی کۆنگرەی کوردی- عەربی، کوردی- تورکی ئەنجام دەدەن، ئاخۆ ئەم کۆنگرانە بۆچی؟ یاخود بۆکێ؟ لە کاتێیکدا کە ئێمەی کورد تا ئێستا نێو ماڵی خۆمان یەک نەخستووە و گوتارێکی یەکگرتوومان نیە. ئایا ئێمە تا خۆمان لە یەکتر حالی نەبین چۆن دەتوانین خەڵک لە خۆمان حاڵی بکەین.

لەسەردانەکەی کاک مەسعود بۆ ووڵاتی بەریتانیا لە دانیشتنێکی لەگەڵ چەند کەسایەتی کوردی و بەریتانیدا ووتی پلانمان هەیە بۆ بەستنی کۆنگرەی ئاشتەوایی کوردی-عەرەبی لە ٢٠١١ دا، سەرۆکی ڕێکخراوی کونگرەی نیشتیمانی کوردستان لەلەندەن کاک جەواد مەلا ئامادەی دانیشتنەکە بوو وەڵامی دایەوە پێی ووت لە ساڵی ٢٠١١ هێزەکانی بەریتانیا و ئەمریکا نامێنن لە ناوچەکە بۆ چی کۆنگرەی کوردی- کوری ئەنجام نادەن ئەمەش واقیعێکە کە ناشاردرێتەوە بۆ چی ئێمە لە ناوەخۆی خۆمان یەک نەخەین. دوای ئەوە بەڕێز سەرۆ قادر لە ٢٠٠٩/٢/١٨ بەیانەکی بڵاو کردەوە ووتی سەرۆکی هەرێم پێشنیاری کردووە بۆ کۆنگرەی نەتەوەی کورد لە هەولێر، لەگەڵ ڕێزمان بۆ قسەکانی کاک سەرۆ قادر ئەمە پەیووەندی بە جەنابی سەرۆکی هەرێمەوە نەبووە، بۆ ڕاستکردنەوەی ئەم هەواڵەش لە لێدوانێکی دکتۆر فوئاد حسین بەرێوە بەری دیوانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ووتی تەنیا بیرۆکە بووە، هیچ شتێکی وا لە ئارادا نیە لە ٢٠٠٩/٤/١٤. ئێمە دەمێکە بانگەشەی بۆ دەکەین بەڵام ئەوان دەیانەوێت تێکی بدەن، تاکەی بەربەرەکانێی یەکتری دەکەن ئەمڕۆ نزیک بوونەوەی سێیەم پرۆسەی هەڵبژاردنەوەی پەرلەمانە، واز لە شەڕی ناوەخۆ ناهێنن، پێشتر شەڕی چەک بوو بەڵام ئێستا شەڕی سارده بەرامبەر یەکتری دەیکەن نموونە بەرلە هەڵبژاردنی ٢٠٠٥ دا یەکێتی حیزبی زەحمەتکێشانی کردە دوو پارچە، کە دکتۆر سەرداری لێ کردنەوە، ئەم جارەیان بەدەست تێوەردانی پارتی توانی هەندێک لە مەکتەبی سیاسی جیا بکاتەوە، هەموو کات ئەوانە لە جیاتی تەبایی و یەکگرتوویی، دەبنە بەربەست لە بەرەو پێش چوونی خەبات و تێکۆشانی خەڵکی تر.

هەر وەک چۆن ئێمە تاکە حزب بووینە، لە پێناو ئاشتی و ئاشت بوونەوەی گشتی و یەکبوونی ماڵی کورد و یەکبوونی گووتاری کوردی تێکۆشاوین کارمان کردووەو دژی بەرژەوەندی تاکی خۆمان بووینەوقوربانیمان بەژیانی خۆمان

داوه، بەڕاشكاوانەو بەبێ ترس باسمان لە ئازادی و سەربەخۆیی كوردستان كردووە، بەڵام بەداخەوە لە ساڵی ١٩٩٦ وەوە پارتی دیموكراتی كوردستان ڕێگامان پێنادات مومارەسەی سیاسی خۆمان بكەین و مۆڵەتیان پێ نەداوین و ڕێگرە لەبەردەممماندا.

لەخوا بەزیاد بێت ئێش و ئازاری سەدان ساڵەی كورد، شاراوە بوو، ئەمڕۆ زۆر بە خێرا ئازارەكانمان بەجیهان دەگات، كورد هۆشیار بۆتەوە، بۆ داكۆكی كردن لە ناسنامەی خۆی.

ئێمە لەوەتەی هەین سەرگەردانین ، خوا شوێنی بۆ هەموو میللەتێك كردۆتەوە بەڵام تاكە گەل ئێمەین شوێنمان نابێتەوە و دەچینە هەر جێگایەك خەڵكەكە لێمان بێزار دەبێت و دەرمان ئەكەن دیارە چارەنوسی ئێمە وا نوسراوە .هاوڕێیان ئێمە كەسمان دۆست نیە دەبێت بەیەكەوە دەست لە ناودەست هەنگاو بنێین بۆ بەردی بناغەی كوردستانێكی نوێ و ئازاد.

ئێمە گووتاری یەكگرتوومان نیە پێویستمان بە یەك بوونی ماڵی كوردە، داوا لەسەرجەم هێزو لایەنە سیاسیە ئازادیخوازەكان بەكۆ دەنگ بەیەك دەنگ هەوڵ بدەن بۆ ڕێكخستنەوەی ماڵی كوردی، یەكگرتوویی هەموو پارت و ڕێكخراوەكان نیشانەی دڵسۆزی و یەكبوونی كوردە ، نیشانەی ئازایەتی و چاو نەترسی كوردە ، نیشانەی بوونی كوردە،بەداخەوە تا ئێستا نەتوانراوە سەركردەیەكی كارێزما لە نێو میللەتی كورد دروست بكەین.

من دەڵێم كوانێ لەیلا زاناكەم كوانێ سەركردەكانی كوردم كوانێ هەوادارانی ئاپۆكەم كوانێ ئەوەی شێخ سەعیدی پیران و سمكۆی شكاك و قازی و شەهیدە نەمرەكانی تر ، كوانێ سەركردە و ئەندامانی هەدەپ و دەتەپ..هتد ، كوانێ كەس و كاری گیراوەكان ، كوانێ شۆڕشگێڕەكانی من لاوان و گەنجان ، دایكانتان فرمێسك نەما لەچاوانیان. بەسە ئیدی ڕابن بۆدروست كردنی وڵاتە یەكگرتوەكانی كوردستان مافی خۆمانە نەتەوەیەكەی ٤٥ میللیۆنین.

**ئیتر بۆ پێشەوە بەرو لووتكەی سەركەوتن**

**لە كۆتایدا ئەڵێم ئەوەی نەی بێ بیری تۆڵە لەباوكی نەبووەو زۆڵە.**

**زانا شێروانی سەرۆكی پارتی ڕاستی كوردستان**

**هەولێری پایتەخت**

**١٨/٤/٢٠٠٩**

**پەیامی هاوبیر شوان بەرزنجی بەرپرسیاری كۆمیتەی نۆروێژ**

---------------------------------------

**بەڕێز سەرۆكی كۆنگرەی نیشتمانیی كوردستان**

**بەڕێزان ئەندامان و لایەنگرانی كۆنگرەی نیشتمانیی كوردستان**

**بەڕێزان بەشداربووانی كۆنگرەی (6)ی كۆنگرەی نیشتمانیی كوردستان**

بەستنی كۆنگرەی (6)ی كۆنگرەی نیشتمانیی كوردستان لەم بارودۆخە ناسكەدا كە. باشووری كوردستان پێیدا تێپەڕدەبێت گرنگێكی زیاتری پێدەبەخشێت.

**بەڕێزان،** سەركردایەتی كورد لە باشووری كوردستان دەمێك بەهاوپەیمانیەتی لەگەڵ عەرەبی شیعە و دەمێكی تر لەگەڵ عەرەبی سوننە و لەبەر دەسكەوتی تەسكی حیزبایەتی و پێڕەوكردنی سیاسەتی داگیركەرانی كوردستان زۆر بەپەرۆشەوە كاریان بۆ دروستبوونەوەی عێراق دەكرد لەبیریان چووەوە كە لە ژێر سایەی هەر ئەو عێراقەدا كورد ئەنفال و كیمیا باران و دەربەدەر كرا.

لەوەش زیاتر سەركردایەتی كورد لە باشوور و بەدەست تێكەڵاوكردن لەگەڵ داگیركەرانی كوردستان بووەتە كۆسپ لە بەردەم بزوتنەوەی ڕزگاریخوازانەی كورد لە پارچەكانی دیكەی كوردستاند.

**بەڕێزان، هیوادارین گۆنگرەی (6) ببێتە هۆكارێك بۆ ڕاچڵەكاندنی سەركردایەتی كورد لەباشوور و گرتنەبەری ڕێگەی ریفۆرم و ریفراندۆم و وەچاڵنانی بیرۆكەی برایەتیی درۆزنانە لەگەڵ عەرەب و ترك و فارس دا!**

**هیوای سەركەوتن بۆ كۆنگرەی 6 دەخوازین هیوادارین بڕیارەكانی لەخزمەت دروستبوونی پلاتفۆرمێكی هاوبەشدا بێت بۆ هەموو حیزب و ڕێكخراوەكانی كوردستان.**

**پیرۆز بێت بەستنی كۆنگرەی (6)ی كۆنگرەی نیشتمانیی كوردستان!**

**پیرۆز بێت یادی 50 ساڵەی دامەزراندنی كاژێك!**

**سەركەوێ خەباتی كورد لە پێناو دروست بوونی دەوڵەتی سەربەخۆی كوردستاندا!**

**هاوبیرتان: شوان بەرزنجی**

**كۆمیتەی كۆنگرەی نیشتمانیی كوردستان لە نەرویج**

**١٨/٤/٢٠٠٩**

## پەیامی ڕێکخراوی خەبات،ی شۆڕشگێڕی کوردستان
## کومیتەی ناوەندیی

### بەناوی خودای بەخشندەی میهرەبان

**بەڕێزان بەشدارانی کۆنگرەی شەشەمی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان!**
**سڵاوی شۆرش و کوردایەتیتان پێشکەش.**

بە بۆنەی بەستنی کۆنگرەکەتانەوە پیرۆزبایی گەرمی خۆمان ئاراستەی ئێوەی بەڕێز و ئەندامان و تێکۆشەرانی نێو ریزەکەتان دەکەین. زۆر سوپاستان دەکەین کە دەرفەتتان رەخساند تا بەم چەند پەیڤە پەیامی ڕێکخراوی خەبات،ی شۆرشگێری کوردستان ئاراستەی کۆڕەکەتان بکەین.

**بەڕێزان!**

بە لەبەرچاوگرتنی باری هەستیاری پرسی نەتەوەییمان، هیواخوازین کۆنگرەکەتان بە گیانی هەست بە بەرپرسیاریی هەڵوەستە لەسەر ئەو پرسە لەمێژینەی کورد بکا و، هەوڵی پێویست و هەنگاوی بەجێ بۆ چارەسەری ئەو گرفتە مێژووییە بگرێتەبەر.

بە بڕوای ئێمە پێویستە کۆنگرە بە چاوێکی واقعبینانەوە سەیری بارودۆخی ئێستای بزووتنەوەی کوردستان بکا و، ئەرکە گرنگ و هەنووکەییەکانی هەڵسەنگێنێ و، لەژێر تیشکی خوێندنەوەیەکی وردبینانە ناتەبایی و لێکدابڕانەکانی نێوان هێزە سیاسییە کوردییەکان بخاتە ژێر سەرنج و، بە گرتنەبەری ڕێگاچارەی شیاو و بڕیاری بەجێ ئەرکی نەتەوەیی خۆی ئەنجام بدا و، بە پێی توانا لە پێناوی یەکخستنەوەی ریزی تێکۆشەرانی کورد تێبکۆشێ.

بڕوامان وایە کە دەبێ کۆنگرە باری سیاسیی و کۆمەڵایەتیی و ئایینیی و کلتوری کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لەبەرچاو بگرێ و، لەسەر بنەمای خوێندنەوەیەکی دروست و دادگەرانە بۆ ڕەهەندە جیاوازەکانی کۆمەڵگای کوردیی، بڕیار و بەرنامە و ڕێوشوێن و سیاسەتی گونجاو دیاری بکات و، خۆی لە کورد و تایبەتمەندییەکانی دوورنەخاتەوە.

هیواداریین کۆنگرەکەتان بە سەرنجدان لە سیاسەتی داگیرکەرانی کوردستان و دۆخی ژێردەستەیی خاک و گەلی کوردستان، شێوەخەبات و ڕووبەڕووبوونەوەیەکی شیاو بۆ ئەو هەلومەرجە بکاتە بەرنامەی کار و تێکۆشانی خۆی و، بەپێی توانا بۆ نەهێشتنی ستەمی نەتەوایەتیی و ڕزگاریی کوردستان خەبات بکا.

**دووبارە وێڕای پیرۆزبایی لە ئێوەی بەڕێز، هیوای سەرکەوتن بۆ کۆنگرە و ئەرکە گرنگەکانی دەخوازین.**

**ڕێکخراوی خەبات،ی شۆرشگێری کوردستان**
**کومیتەی ناوەندیی**
**١٨/٤/٢٠٠٩**

---

**پەیامی پیرۆزبایی ڕۆژنامەنووس جەبار عەزیز**

-----------------------------

**هاوبیری خۆشەویست کاک سیروان کاوسی**

سڵاو............

هاوبیری هێژا، لەکوردستانەوە تاوەکو وڵاتی نەرویژ سڵاووڕێزم هەیە بۆخۆتان و بۆ هاوبیرانی کۆنگرەی نیشتمانیی. پیرۆزبای سەرکەوتنی کارەکانی کۆنگرەی (٦) تان پێڕادەگەیەنم بەهیوام هەمیشە لەسەر ئەرکەپیرۆزەکەتان بەردەوام بن و بەهەموو لایەکمان بتوانین خزمەتێک بەوڵاتەکەمان بکەین و کوردستان بگەیەنینە قۆناغی سەرکەوتن. ئێمە کەلەسەر ئەرزی واقیعیش خاوەنی نەخشەیەک نەبین، گرنگ ئەوەیە لەدڵماندا نەخشەیەک هەیە کەپێی دەڵێن کوردستان هەروەک ئەوەی **مامۆستای پایەدار عبداله پەشێو** بەسەری ئەسپی چواندووە: **"منداڵەکان کتێبەکانتان وەلانێن، کاغەزێک و هەندێک قەڵەم لەبەردەمی خۆتان دانێن، وێنەی پەڵەهەورێک بکەن، هەتادەکرێت ڕەنگاوڕەنگ بێت، باڵەسەری هەسپێک بکات ، موو گزنگ و چاوپەرەنگ بێت".**

سڵاوی من بۆخۆتان و هاوبیرانی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان.

زۆر داوای لێبوردن دەکەم کەدرەنگ کەوتبێتم لەپیرۆزبایم، بەڵام لەم ماوەیەدا بەهۆی سەرقاڵیم وەک پێویست نەمتوانیوە کارلەسەر ئەنتەرنێت بکەم. دووبارە سەرکەوتووبن و تەندروستییەکی باشتان بۆ بەئاوات دەخوازم.

**هاوبیرتان جەبار عەزیز**
**باشووری کوردستان شاری ڕانیە**
5/5/2009

## پەیامی پارتی سەربەستیی کوردستان، بۆ کۆنگرەی (٦)

-------------------------------

**زۆر بەرێز هەڤالانی کۆنگرەی نیشتمانی کوردستان، بەرێزان میوانان و بەشدارانی کۆنگرەی ٦ ی کۆنگرەی نیشتمانی کوردستان. سڵاو رێزی پڕ لە جۆشی سەربەستیی و سەربەخۆیی کوردستانتان ئاراستە بێت.**

هابیرانی بەرێزم لە کۆنگرەی نیشتمانی کوردستان، گەلێک سوپاس بۆ ئەوەی کە ئێمەتان بانگهێشتن کردووە بۆ کۆنگرەی شەشەمتان، زۆر خۆشحاڵ دەبووین کە لە نزیکەوە لە کۆنگرەکەتان بەشداریمان بکردایەوە لە گەڵ کوردستانیانی دیکەی نێو کۆنگرە ئاشنا بایەین، بەڵام مخابن بە هۆی چەند ئەرکێکی پێویستی پارتی سەربەستیی کوردستان، من شانسی ئەوەم پێنەبرا کە ئەمجارە لە نزیکەوە بێمە خزمەتتان، هەربۆیە لە ڕێگەی ئەم نووسراوەو بە بەشداری نۆێنەرانمان لە وڵاتی بریتانیا، کۆنگرەکەتان لەگەڵ پیرۆز دەکەین، و بە ناوی تەک تەک هاوبیرو ئەندامانی پارتیمان پارتی سەربەستیی کوردستان، پیرۆزبایی گەرم ئاراستەی ئێوەی بەرێز دەکەین، و هیواخوازین کە کۆنگرەکەتان کۆنگرەیەکی سەرکەوت و پردەسکەوت بێت بۆ چارەنووسی گەلەکەمان.

بەرێزانی کۆنگرەی نیشتمانی کوردستان: هەروەک لەبانگهێشتن نامەکەتاندا ئاماژەتان پێکردوە، کە بابەتی سەرەکیی کۆنگرەی (٦)، تایبەت دەبێت بە شرۆڤەی باروودۆخی هەستیاری نێوچەکە بەگشتی و کوردستان بە تایبەتی، ئێمە دڵنیایین لەوەی کە لە ڕێگەی بەشداران و هاوبیرانی کۆنگرەکەتان باس وبابەتی بەکەڵک شرۆڤە دەکرێت، ئێمە وەک پارتی سەربەستیی کوردستان، کە پارتێکی نەتەوەیی وسەربەخۆخوازی ڕۆژهەڵاتی کوردستانین، ئەوەی کە پێویستە لەم نامەدا وەک پێشنیار بینێرینە خزمەت ئێوەی هێژا ئەوەیە، کە بەهۆی هینێک هۆکاری تایبەت بەشی داگیرکراوی کوردستانمان لە باشور باکور تا ئاستێک لە ڕوانگەی جیهانەوە ناسراون، بەڵام بەشەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ڕۆژئاوای کوردستان وەک پێویست نەناسراون، بە تایبەت لەم ساڵانەی ئاخردا بە سەدان پلان و پرۆژەی قڕکردن و سەرکوپ کردنی کوردەکانی ڕۆژهەڵات، لە لایەن کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە بەرێوە چووە، بە سەدان ڕۆشنبیر و نووسەر و مامۆستا و چالاکی بواری مافی مرۆڤ و مامۆستایی ئاینی و هیدکە، راپێچی سیاچاڵەکانی ئەو ڕێژیمە دوواکەوتووە کراوە، زۆر گرنگە کە ئەوە وەک خاڵێکی سەرەکی لە لایەن ئێوەی بەرێزەوە شرۆڤە بکرێت، وبیر لە شێوەی ڕێگاچارە بۆ پووچەڵکردنەوە و بەرنگار بوونەوەی بکرێت.

**جارێکی دیکە هیوای سەرکەوتن و سەربەرزی بۆ کۆنگرەکەتان دەخوازم.**

**هەرسەرکەوتوو بێت خەبات لە پێناو سەربەخۆیی یەکجاری گەلەکەمان.**

**براو هاوبیرتان عارف باوەجانی / سکرتێری گشتیی پارتی سەربەستیی کوردستان.**

**٢٥ ی خاکەلێوەی ٢٧٠٩ ی کوردی.**

## وتەیەکی پێویست!

**لە ئامادەکردنی ئەم ژمارەی گۆڤارەکەماندا کە تایبەتە بە (کۆنگرەی٦)، تەنیا توانیمان ئەو پەیامانە بڵاوبکەینەوە کە بە پرۆگرامی Word بۆ کۆمیتەی ئامادەکاری کۆنگرە نێردرابوون. لەبەر نەبوونی کات، بەداخەوە نەمانتوانی ئەو پەیامانەی دیکە لەم ژمارەدا جێ بکەینەوە کە بە پرۆگرامی PDF، یان بە دەستنووس بۆ راگەیاندنی کۆنگرە و کۆمیتەی ئامادەکار نێردرابوون.**

**بەم هۆیەوە، داوای لێبوردن لە هەموو ئەو کەسایەتی و حیزب و ڕێکخراوانە دەکەین کە پەیامەکانیان لەم ژمارەیەدا چاپنەکراوە. هاوکات سوپاس و ڕێز و پێزانینی خۆمان ئاراستەی هەموو لایەک دەکەین، چ ئەو کەسایەتی و، لایەنە سیاسییانەی پەیامیان نارد بۆ کۆنگرە، یان ئەو بەرێزانەی کە تا کۆتاییهاتنی کۆنگرەی ٦، لەگەڵمان مانەوە و، بە پێشکێشکردنی راوبۆچوون و پێشنیازەکانیان، هاندەر و یارمەتیدەرمان بوون، کە بتوانین کۆنگرەکەمان بە سەرکەوتووییەوە کۆتایی پێبهێنین.**

**سەرکەوێ خەباتی یەکگرتوومان، لەپێناو هێنانەدی کوردستانێکی ئازاد و دیمۆکرات و سەربەخۆدا!**

**دەزگەی راگەیاندنی کۆنگرە**

**١٨/٥/٢٠٠٩**

## وتووێژی ڕۆژنامەی "ئاڵای ئازادی" سەبارەت بە ئەنجامەکانی کۆنگرەی (٦)، لەگەڵ سیروان کاوسی ئەندامی سەرۆکایەتیی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان!

**سازدانی جەبار عەزیز.**
**ڕۆژنامەنووس لە باشووری کوردستان.**

**پ:** ئێوە لە بڕواری ٤/١٨ لە شاری لەندەن کۆنگرەتان بەست. دەکرێت ئامانجەکانی کۆنگرە بزانین؟

**و:** کۆنگرەی٦ی، بەوێنەی کۆنگرەی پێشووی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان، چەند تەوەرێکی لە خۆگرتبوو، کە بریتیبوون لە خاڵانەی خوارەوە:

١- پێداچوونەوە و هەڵسەنگاندنی خەبات و چالاکیی کۆنگرە لەنێوان کۆنگرەی پێشوو و کۆنگرەی (٦). ٢- دەستنیشانکردنی هەڵە کەموکورتییەکان و، هەڵبژاردنی ڕێگەچارەی شیاو و گونجاو بۆ چارەسەرکردنیان. ٢- هەڵسەنگاندنی بارودۆخی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی ناڤین بەگشتی و کوردستان بە تایبەتی و، دەستنیشانی ئاستەنگ وگیروگرفتەکانی کێشەی ڕەوای گەلەکەمان لەنێوخۆ و لەدەرەوە. ٣- هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیی نوێ لەنێوخۆ و لەدەرەوەی کوردستان.

لەکۆتاییدا، لەبەر ڕۆشنایی بۆچوون و لێکدانەوەی بەشدارانی کۆنگرە، چەندین خاڵی گرنگ پەسندکران کە جێبەجێکردنیان، کاریگەریی ڕاستەوخۆی دەبێت بۆ پێشخستنی بزاڤی ڕزگاریخوازانەی گەلەکەمان، لەهەموو بەش و بوارەکانی خەباتدا.

بۆ ئاگاداریی تەواوی خوێنەرەوەی هێژای ڕۆژنامەی "ئاڵای ئازادی" سەبارەت بە کۆنگرەی٦ و ئاکامەکانی، ئێمە دەقی بەیانی کۆتایی کۆنگرەکە دەنێرینە خزمەتتان.

**پ:** هەڵوێستی وڵاتی بەریتانیا لەمەڕ بەستنی کۆنگرە چی بوو، کە ئێوە لەشاری لەندەن کۆنگرەتان بەست، وەک ئاگادارم سەرۆک وەزیرانیش بەنامەیەک بەشداری کرد؟

**و:** سەرۆکوەزیرانی بەریتانیا بەڕێز گۆردۆن براون و، شارەداری لەندەن و، چەندین گەورەلێپرسراوی بەریتانیا پەیام و نامەی پیرۆزبایی خۆیان نارد بۆ (کۆنگرەی٦). هەروەها نوێنەرەکانی سێ حیزبی گەورەی بەریتانیا ڕاستەوخۆ بەشدارییان کرد و، وتاریان خوێندەوە، ئەمەش ئەو ڕاستییە پێشاندەدات کە سەرۆکایەتیی کۆنگرە لەبواری دیپلۆماسیدا توانیویەتی پێوەندییەکی دوولایەنە لەنێوان کۆنگرە و بەرپرسانی بەریتانیا و حیزبەکانی ئەو وڵاتە لە ئاست و پلەی جیاجیادا دروست بکات.

هەڵوێست و سیاسەتی بریتانیا بەرامبەر کێشەی کورد، ڕۆن و ئاشکرایە. ئەوڕۆکە، کاربەدەستانی بەریتانیا، هەروەها سەرۆکی هەموو وڵاتانی ئۆروپا و کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکانیش، ڕێز لە بیروڕای گشتیی هەر نەتەوەیەک دەگرن کە سەبارەت بە چارەنووسی خۆی دەیدات. واتە ئەگەر زۆرینەی گەلی کورد، خوازیاری سەربەخۆیی و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان بێ و، ئەم داخوازییەش بەشێوەی ڕێکخراو و سیاسی و، لەژێر سەرپەرشتیکردنی سەرکردەیەتییەکی یەکگرتووی کوردستانیدا بدات بە گوێی دنیای دەرەوە، بێگومان دەوڵەتی بریتانیا و دنیای ئازاد بەگشتیی ناتوانن داخوازیی ڕەوای نەتەوەی کورد پشتگوێ بخەن. کاربەدەست و ئۆرگان و، داوودەزگەی سیاسیی بەریتانیا، کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان وەکو دەزگە و نێوەندێکی بەرپرسیار سەبارەت بە کێشەی کورد دەناسن و، باشدەزانن کە ئامانجی کۆنگرە دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستانە. لەگەڵ ئەوەشدا، کاتێک دەوڵەتێک، یان سەرۆکی وڵاتێک ئامادەدەبێ پشتیوانیی لە سازبوونی دەوڵەتی کوردی بکات، کە گەلی کورد وەک گەلانی دیکەی جیهان، خوازیاری دامەزراندنی دەوڵەت و دەستخستنی ناسنامەی نەتەوەیی خۆی بێت.

**پ:** هەڵوێستی کۆنگرە لەسەر ئاییندە و ئێستای سەرجەم پارچەکانی کوردستان چی بوو؟

**و:** لەڕوانگەی کۆنگرەوە، کێشەی کورد لەهەموو بەش و پارچەکانیدا، کێشەی نیشتمانیی پارچەکراو و، نەتەوەیەکی دابەشکراوە. کێشەی نێوان نەتەوەی بندەستی کورد و ڕژێمەکانی داگیرکەری کوردستانە و، ئەو کێشەیە تەنیا و تەنیا بە ڕزگارکردنی خاکی کوردستان و، دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان بنبڕ و چارەسەر دەکرێت. لەبەر ئەوە، لەڕوانگەی کۆنگرەوە، خەباتی نەتەوەی کورد لەهەموو بەشەکانیدا بۆ گەیشتن بە ڕزگاریی یەکجارەکی و، دامەزراندنی دەوڵەتی

سەربەخۆی کوردستانە. هاوکات، ئەم ڕاستینەیەش دەبێ لەبەر چاوبگرین، بارودۆخی پارچەکانی کوردستان وەک یەک نین. بۆ وێنە، وەک ئێوەش ئاگادارن، ماوەی چەند ساڵێکە لە شارەکانی باکووری کوردستان و، لەنێو زۆربەی مەڵبەند وهەرێمەکانی تورکیا وەک ئەستەمۆڵ و ئانکارا و ئەزمیر و قۆنیا و ..هتد کە کوردی لێدەژین، بزاڤێکی گەورەی جەماوەریی دەستپێیکردووە کە لەلایەن چینی تێکنۆکرات و ڕۆشنبیر و خوێندەواری کوردەوە ڕێبەری و سەرپەرشتی دەکرێت. سەرکەوتنی پارتی کۆمەڵگەی دیمۆکراتی DTP لەهەڵبژاردنی شارەوانییەکاندا و، شکستی سوپای تورک لەبەرامبەر هێزی پێشمەرگەی پ کە کێ، بووەتە هۆی بەرزبوونی وەری جەماوەری خەڵک لە باکووری کوردستان. نواندنی سیاسەتێکی ژیرانە و، هەڵوێستی نەتەوەییانەی سەرۆکایەتیی پارتی کۆمەڵگەی دیمۆکراتی، تاکو ئێستا ڕێیگرتووە لەبەردەم سیاسەتی نامرۆڤانە و پیلانگێریی ڕژێمی داگیرکەری تورک و هاوپەیمان و هاودەستەکانی، کە دەیانەوێ ناکۆکیی بخەنە نێوان لایەنەکانی سیاسیی باکووری کوردستانەوە. نێو جەرگەی شارەکانی باکووری کوردستان ئەمڕۆکە بووە بە نێوەندی بزاڤی سیاسی و نەتەوەیی و فەرهەنگیی. ئاستی بەرزی خوێندەواری و، پێوەندیی ڕاستەوخۆی سیاسەتکارانی باکووری کوردستان بە یەکێتیی ئۆروپاوە، تێگەیشتنێکی زانستانە و بابەتانەی سەبارەت بە کاری ڕامیاری و جۆری حیزبایەتیکردن بەشێوەی مۆدێرن وهاوچەرخانە لەلا دروستکردوون. ئەمانە بێگومان هومێد و گەشبینییەکی زۆریان لەنێو دڵی نیشتمانپەروەرانی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا دروست کردووە.... شرۆڤەی زیاتری ئەم باسە، پێویستی بە کات و لەسەر ڕۆیشتنی زیاترە و، لەم دیمانەیەدا جێی نابێتەوە.

بە پێچەوانەی باکوورەوە، حیزبایەتی و حیزب بەڕێوەبردن لە باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، تێکەڵاویکە لە بیروباوەڕی کۆمۆنیستیی - ستالینی و بیروکولتووری عەشایریی. تێکەڵاوبوونی ئەم دوو دیاردەیە لە مێشکی سیاسەتکارانی هەردوو بەشی باشوور و ڕۆژهەڵات بەدرێژایی دەیان ساڵ، کولتوورێکی سیاسیی ئەوتۆ سەیروسەمەری لێ دروست بووە، کە ڕێی لە هەر جۆرە گۆڕان و، پێشکەوتنێکی سیاسیی و نەتەوەیی و بیری ئازادی و دیمۆکراسی گرتووە. ئامانجەکانی کۆمەڵگەی کوردەواریی ڕاستەوخۆ و بەئاشکرا خراوەتە خزمەتی ئامانج و بەرژەوەندیی حیزبییەوە، ئامانج و بەرژەوەندیی حیزبیش، خراوەتە خزمەتی ئامانج و بەرژەوەندیی سەرۆک و دەستەودایرەیەوە. هەر کەس و لایەنێک لە دەرەوەی بازنەی حیزب و دەسەڵاتەوە بێ، بە نەیار و دژبەر دەدرێتە قەڵەم. ئەم شێوە حیزبایەتیکردنە چەوت و ناڕاستانە و دواکەوتووانەیە، بووەتە هۆی سەرهەڵدانی ئەم قەیران وپشێوییەی، کە چ کەسێک نازانێ داهاتووی باشووری کوردستان بەرەوکوێ دەڕوات؟ کەس نازانێ لەئەگەری ڕووخانی ڕژێمی داگیرکەری ئێران و، گەڕانەوەی هەموو ئەو حیزب ودەستە و گرووپە نەیار و دژبەرە، چ کارەساتێک چاوەڕێی گەلی کورد و کێشەکەی دەکات لە ڕۆژهەڵات. ئەم دۆخە سیاسییە، ئەرکی نیشتمانپەروەرانی کورد بەگشتی و، هاوبیرانی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان بەتایبەتیی قورستر و گرانتر کردووە.

هاوکات لەگەڵ ئەم کەموکورتییانە، بەخۆشییەوە دەبێ بڵێین، بزووتنەوەیەکی ڕۆشنبیری و نەتەوەیی لەنێو ڕۆشنبیران و، چینی خوێندەواری کوردەواریی لەهەموو بەشەکانی کوردستان و، لەدەرەوەی وڵات سەریهەڵداوە، کە هومێدی ئەوە دەکرێت لەداهاتوودا ئەم بزووتنەوە ڕۆشنبیرییە خۆی ڕێکبخا و، بتوانێت جێ پێی سیاسەتی نانەتەوەییانە و پاوانخوازی و بیرۆکەی چەوتی بندەستی و داگیرکەرچێتیی لەق بکات و، خەباتی نەتەوەی کورد بکەوێتە دەستی ڕۆڵەکانی دڵسۆز و زانا و خاوەنویژدان و، لێهاتووییەوە.

سەرەڕای ئەم لێکنەچوونەی باری سیاسیی پارچەکانی کوردستان، هەروەک ئاماژەم کردپێی، کێشەی کورد لەهەموو بەشەکانیدا یەک کێشەیە و، چارەنووسی کورد پێکەوە گرێدراوە و، جیا لەیەک نین. لەبەر ئەوە، بۆچوون و هەڵوێستی کۆنگرە سەبارەت بە پارچەکانی کوردستان ئەوەیە، ئێمە و هەموو نیشتمانپەروەرانی دڵسۆز و ڕاستینەی کورد، دەبێ تێبکۆشین هەستی یەکبوون و، یەکچارەنووسی و سۆز و هەست و بیروباوەڕی نەتەوەیی و هۆشیاری نەتەوەیی لەنێو جەماوەری گەلەکەمان لەهەموو بەشەکاندا پەرەپێبدەین. هەوڵبدەین، یەکێتییەکی نەتەوەیی لەنێوان هەموو ئەو کەسایەتی و لایەنانەدا پێکبهێنین، کە باوەڕیان بە ئازادی و سەربەخۆیی کوردستان هەیە و، بە کردەوە و، بە ئاشکرا خەباتی بۆ دەکەن.

**پ: کێن ئەوانەی دەسنیشانکراون بۆ ئەم قۆناخە ڕێبەرایەتی کۆنگرە بکەن و، لەسەر چی ئەساسێک هەڵبژێردراون؟**

**و:** هەروەک لە ڕاگەیاندنی کۆتایی کۆنگرەدا ئاماژەی پێکراوە، ڕێزدار دوکتۆر جەواد مەلا بۆ سەرۆکی کۆنگرە هەڵبژێردرایەوە.

هەندازیار هاوبیر برووسکە ئیبراهیم بۆ بەرپرسیارێتیی پێوەندییەکانی دەرەوەی کۆنگرە، هاوبیر سیروان کاوسی (نووسەری ئەم دێرانە) بۆ بەرپرسیارێتیی دەزگەی راگەیاندنی کۆنگرە، هاوبیر ئازاد مافکۆ بەرپرسی پێوەندیی لەگەڵ حیزب و رێکخراوەکانی کوردستان، کاک گۆران دەرگەزێنی بەرێوەبەری رادیۆی کۆنگرە. نوێنەران و، بەرپرسیارانی کۆنگرە لە وڵاتانی ئۆروپا لەلایەن کۆمیتەکانی خۆیانەوە هەڵدەبژێردرێن. هەروەها کەسایەتی و نیشتمانپەروەری ناسراوی گەلەکەمان پارێزەر مامۆستا کامیل ژیر سەرۆکی کۆنگرەیە لە باشووری کوردستان. ئەم هاوبیرانەی نێویان هێنرا سەرۆکایەتیی ئاشکرای کۆنگرەن کە لە ئۆروپا دەژین. بەڵام بەشێک لە سەرۆکایەتی و کادر و بەرپرسانی کۆنگرە، کە لە بەشەکانی رۆژهەڵات و رۆژاڤا و، هێندێک نێوچەی باکووری کوردستاندا دەژین، بەهۆی باری نائاسایی شوێنی خەباتەکەیانەوە، بەشێوەی نهێنیی ئەرک و چالاکیی نەتەوەیی و رێکخستنی خۆیان دەبەن بەرێوە.

لەوەرامی بەرێزتاندا، مەرج و پێوانە بۆ وەرگرتنی بەرپرسیارەتیی لە کۆنگرە، بەپێی پێشاندانی خەبات و چالاکیی سیاسی و نەتەوەییە. پێکهاتەی کۆنگرە لە هەموو بەش و نێوچەکانی کوردستان و، لە هەموو ئەو نیشتمانپەروەرانە پێکهاتووە کە سەر بە چین و توێژ و زاراوە و، ئاین و ئاینزاکانی کۆمەڵی کوردەوارین و، خۆیان بە کوردستانیی دەزانن. مەرجی بوون بە ئەندام بۆ هەر کوردێک و کوردستانییەک ئەوەیە، باوەڕی بە رزگارکردنی خاکی کوردەستان و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان بێ و، بەکردەوە خەباتی بۆ بکات. دەزگەیەکی نەتەوەیی و نیشتمانیی وەکو کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان، کە ئامانج و ستراتیژێکی ئەوتۆ پیرۆز و بەرز و مەزنی هەیە، کاتێک بەرپرسیارەتیی دەدات بە ئەندام و هاوبیرێک، کە بەتەواوەتیی دڵنیابێت ئەو هاوبیرە شیاو و گونجاوە بۆ وەرگرتنی ئەو بەرپرسیارەتییە و، لەئەنجامی خەباتی سیاسی و نەتەوەییدا بەکردەوە پێشانیدابێت، کە تێکۆشەر و خەباتکارێکی راستینەی رێگەی پیرۆزی ئازادی و سەرفرازیی کوردستانە. لەنێو دەزگەیەکی نیشتمانیی وەکو کۆنگرەدا، پاوانخوازی و نێوچەگەرێتی و بیری تگریسی داگیرکەرچێتی و، گەندەڵی و، پارەپەرستی و دەستەودەستەگەرێتیی بوونی نییەو نابێت.

**پ: بیرتان لەوە نەکردووەتەوە، کۆنگرەی ئایندە لە باشووری کوردستان ببەستن؟**

و: بەستنی کۆنگرەی داهاتووی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان، پێوەندیی بە داهاتووی بارودۆخی سیاسیی باشووری کوردستانەوە هەیە. ماوەی پتر لە ١٥ ساڵە، سەرۆکایەتیی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان داوا لە دەسەڵاتدارانی حکوومەتی هەرێم دەکات رێبدەن کۆنگرە نووسینگەی خۆی لە باشوور بکاتەوە. ئەم داوایەش لەدەیان کۆبوونەوەی رووبەروو لە ئۆروپا و کوردستان و، هەروەها بە ناردنی نامە بەرێگەی ئەندامانی ناسراوی هەردوو حیزبە دەسەڵاتدارەکە و، بەرێگەی ئیمەیل، بەگوێی کاربەدەستانی یەکێتی و پارتی دا داوە، بەڵام تاکو ئەمڕۆ ئەم داوایەی کۆنگرە پشتگوێ خراوە.

ئەمە لەلایەک، لەلایەکی دیکەوە، لاوازیی هەڵوێستی کاربەدەستانی هەرێم لەبەرامبەر حکوومەتی بەغدا و نەبوونی بەرنامە و هەڵوێستێکی ئاشکرای سیاسی و نەتەوەیی لەلایەن سەرۆکایەتیی حکوومەتی هەرێمەوە بەرامبەر پیلانگێریی بەردەوامی عەرەبی دەسەڵاتدار لە عێراق و داگیرکەرانی دیکەی کوردستان، چارەنووس و داهاتووی باشووری کوردستانی خستووەتە ژێر پرسیارەوە و، کەس نازانێت ئاکامی ئەو بارودۆخە بەرەو کوێ دەچێت؟ نەبوونی ئازادی و دیمۆکراسی و رێگرتن لە دەربڕینی بیروڕای جیاواز و، نەبوونی حکوومەت و پەرلەمانێکی هەڵبژێردراوی خەڵک کە راستەوخۆ لەرێگەی راپرسییەکی گشتی و جەماوەرییەوە بەدەسەڵات گەیشتبێت، مەترسی زیاتریان بۆ سەر پاشماوەی دەستکەوتەکانی گەلی کورد لە باشوور دروستکردووە. لەبەر ئەوە، ئەگەر رەوشەکە بەم شێوەیە بڕواتە پێش، دڵنیام، لەداهاتووشدا رێ بە ئەندامانی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان نادرێت، کە لە بەشەکانی دیکەی کوردستان و لە سەرتاسەری دنیاوە روو لە باشوور بکەن و، لەئازادی و سەربەستیی تەواودا، کۆنگرەیەک ببەستن کە پێوەندیی بە چارەنووس و، سەرفرازی و بەرژەوەندیی گشتیی نەتەوەی کوردەوە هەبێت. هەر بۆیە، باشتر وایە چاوەڕێی مانگی داهاتوو بکەین و، بزانین ئاکامی هەڵبژاردنی پەرلەمانیی باشوور دەبێتەچی کە بڕیارە لە ٢٠٠٩/٧/٢٥ دا ئەنجامبدرێت؟

هیوای سەرکەوتن بۆ خوێنەرەوەی رۆژنامەکەتان و، بۆ نەتەوەی کورد دەخوازم.

18/5/2009

# لەبیروبڕوا و پرنسیپەکانی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان

نەتەوەی کورد یەک لە نەتەوەکانی هەرەدێرینی ڕۆژهەڵاتی ناڤینە و خاوەنی شارستانییەت و مێژوویەکی کۆنی هەزاران ساڵەیە. نەتەوەی کورد بەدرێژایی مێژووی لەسەر خاکەکەی کوردستان، ژیاوە و لەسەری دەژی. لەگەڵ سەرهەڵدانی کۆلۆنیالیزمی جیهانی و، کۆتایی و ئاکامەکانی شەڕی دنیاگری یەکەم، کورد و نیشتمانەکەی کوردستان، لەنێوان حکوومەتەکانی شۆڤێنیست و دیکتاتۆری ئێران و عێراق و ترکییە و سوورییە و یەکێتیی سۆڤێتی پێشوو دابەشکرا. خەباتی نەتەوەی کورد لەوساتە بەملاوە پێینایە دۆخێکی دژوار و نابەرامبەرەوە و، بە دەیان ڕاپەڕینی یەک لەدواییەکی بەمەبەستی ڕزگارکردنی خاک و نیشتمانەکەی بەرپا کردووە. داگیرکەرانی کوردستان، جیا لە داگیرکردنی خاکی کوردستان، بەپێی سیاسەتێکی هاوبەش، دەستیانداوەتە ژینۆساید و تاڵانوبڕۆی سەروەت و سامان و کانزاکانی و، سووتاندن و چۆڵکردنی نێوچەکانی کوردستان و بێبەشکردنی کورد لەسامانی و، دەرکردنی لەسەر نیشتمانی باوباپیرانی.

دینەمۆ و بزوێنەری هەموو ڕابوون و بزاڤێکی نەتەوەی کورد، چ لە کۆن و چ لە ئێستا، لە نێوەرۆکی خۆیدا، بەمەبەستی ڕزگاری و سەربەستیی بووە و، هێنانی بیرۆکە و ئایدۆلۆژی دیکە نەیتوانیوە و ناتوانێ، ئەو ڕاستییە مێژووییە لەروخسار و نێوەرۆکی بزووتنەوەکانی کورد بشواتەوە.

ناکۆکیی سەرەکی و بنەڕەتیی لە کوردستان، لەنێوان داگیرکەران و، نەتەوەی کورددایە و، ئەو ناکۆکییەش بەگۆڕینی ڕژێمەکان، یان بە بەشداریکردن لە بزووتنەوەی دیمۆکراتیکی وڵاتە داگیرکەرەکاندا چارەسەر ناکرێت. لەسەر ئەم بناخەیە، کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان، گرێدان و بەستنەوەی بزاڤی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەی کورد بە چوارچێوەی سنووری جوگرافیایی داگیرکەران، لەلایەن پارتی و حیزبە سیاسییەکانی کوردستانەوە، بەلادانێکی ئاشکرا لەپرنسیپی کوردستانیی دەزانێ و، ئاگاداریان دەکاتەوە کە ئەوە شێوە خەباتە چ قازانجێکی بۆ نەتەوەی کورد و کێشەکەی تێدا نییە و نابێت. تاکە ڕێگە، پچڕانی دەسەڵاتی داگیرکەرانە لە کوردستان و، سڕینەوەی ئاسەواری پاشکەوتوویی و، دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ و دیمۆکراتە لەسەرتاسەری خاکی کوردستان.

## لەم ڕوانگەیەوە، کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان لە پێناو ئەم ئامانجانەدا تێدەکۆشێ!

- **- کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان خەبات دەکات بۆ پەرەپێدانی هەست و بیروباوەڕی نەتەوەیی و، زیندووکردنەوەی کەسایەتیی نەتەوەیی لای مرۆڤی کورد، بۆ ئەوەی خۆی بەکورد بزانێ و، کوردستان بە موڵک و خاکی خۆی بزانێت!**
- **- کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان خەبات دەکات لە پێناو پێکهێنانی یەکێتیی نەتەوەیی و، یەکگرتنەوەی نەتەوەی کورد. دەرکردنی داگیرکەران لە کوردستان بەرێگەی دیپلۆماسی و، سازکردنی زەوینەی ڕاپرسییەکی سەرتاسەریی (رفراندۆم) لە کوردستان و، دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان!**
- **- کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان خەبات دەکات بۆ ستاندنەوەی هەموو ئەو نێوچە و مەڵبەندانەی کە بەپێی سیاسەتی شۆڤێنیستانەی بەعەرەبکردن و بە فارسکردن و، بە ترککردنی کوردستان، لەلایەن داگیرکەرانەوە زەوتکراون و، لە خاکی نیشتمان دابڕاون!**
- **- کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان خەبات دەکات بۆ دابینکردنی دیمۆکراسی و یەکسانیی لەسەر بناخەی بڕوابوون بە پلۆرالیزم و، جێبەجێکردنی ژیانێکی مرۆڤانە و ئازادانە و گوزەرانێکی بەختەوەرانە و سەربەرزانەی ئەوتۆ، کە شیاوی مرۆڤی ستەمدیدە و خۆڕاگری کوردبێت!**
- **- کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان ڕێز و مافی یەکسان وەک هاووڵاتییەکی کورد، بۆ ئەو کەمینە نەتەوانە دادەنێت کە پێشینەیەکی کۆنی هەزاران ساڵەیان لە کوردستاندا هەیە و، خۆیان بە کوردستانی دەزانن!**

بەم ئەدرەسە، پێوەندیی بە جەواد مەلا سەرۆکی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستانەوە بگرن

Wka palingswich House
241 King Street
London W 6 9 L P UK.
wka@knc.org,uk
0044 – 208 748 78 74
0044 - 07768266005

Bi wê adres pêwendî legel serokayetîya kongrey NîŞtmanîya Kurdistan bigre!

ئەدرەسی پێوەندی گرتن لەگەڵ برووسک ئیبراهیم

بەرپرسیاری دەزگەی پێوەندییەکانی دەرەوەی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان

KNC@ribrahim.de Tele; 0049 – 82 33 80 61, Fax; 0049 – 82 33 61 21

نامە و وتار و پێشنیازی خۆتان بەم ئەدرەسە بۆ دەزگەی راگەیاندنی کۆنگرە بنێرن!

KNC
P. B. 205 Holmlia
1204 Oslo, Norway.
post@kncscandinavia.com
0047 – 93 83 99 53

Bi wê adres name û gotar û pêşnyaza xwe bo kongre bişîne!

---

"کۆنگرە" بڵاوکەرەوەی بیری ئازادی و دیمۆکراسی و سەرفرازیی نەتەوەی کوردە! بڵاوکەرەوەی بیری رزگاری و سەربەخۆیی و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستانە!

سەرنووسەر و بەرپرسیاری دەزگەی راگەیاندن: "سیروان کاوسی"

Kongre, Blawkera bîra Rizgarî û Azadî Netewey Kurde! Kongre, Blawkera bîrwbawerî kurdayetyî û Damezrandina Dewletî Serbexoy Kurdistane!

Serniwîskar û berprsyarî Dezgy Rageyandin; Sîrwan Kawsî

---

ئەدرەسی ماڵپەڕەکانی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان لەسەر هێڵی ئینتەرنێت!

| | |
|---|---|
| کۆنگرە ئینگلیزی: | www.knc.org.uk |
| کۆنگرە: کوردی (Latin)، عەرەبی، فارسی | www.kncscandinavia.com |
| رادیۆ رۆژاڤا: | www.rojavatv.org.uk |
| حکوومەتی رۆژاڤای کوردستان: | www.western-kurdistan.com |
| سایتی حکوومەتی رۆژاڤا (ئینگلیزی) | www.western-kurdistan.com |
| رادیۆ رۆژاڤای کوردستان لەسەر هێڵی ئینتەرنێت | http://www.radiorojava.net |
| سایتی مامۆستا جەمال نەبەز | www.jemalnebez.com |
| سایتی دوکتۆر جەواد مەلا | www.jawadmella.com |